
# مافی گەل

## لە بەرگری و شۆڕشدا

## شۆڕشی ئەیلوول بە نموونە





د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی





برایان من هەر خۆشم نازانم ئایندە چی لە هەگبەدایە.. من بە هەموو توانایەکم لە بەرگریکردن بەردەوام دەبم و کوردستان جێناهێڵم.. ئەوەتا من مردنم هەڵبژارد ئەوەیشی مردن هەڵدەبژێرێت با لەگەڵمدا بمێنێتەوە، هەر بەم ڕێگایەشدا دەڕۆم، من تەنیا ئەو چەکەو ئەو فیشەک و درهەمە کەمەم لایە کە هەر ئەوەیش شک دەبەم، ئەوانەی بەرگەی ترس و برسێتی و سەرما دەگرن با بمێننەوە، ئەوەیشی کە شتێکم لێ چاوەڕوان ناکات، با بمێنێتەوە، چونکە من وەک ئێوە پارەو چەکم نییە.. ئێمە نەتەوەیەکی موسڵمانی کوردی ستەملێکراوین و پێویستە لە سەرمان بەرگری لە ماف و کەرامەتمان بکەین و مایەی شانازی و سەربەرزیشە کە گیانمان بکەینە قوربانی ئازادیی گەلەکەمان.

مستەفا بارزانی

کۆتایی ساڵی ١٩٦١

## ● کاتێك چەوسانەوە هەبوو

## شۆڕش پرەنسیپێکی مێژووییە

لە دەسپێکدا دووپاتی دەکەینەوە کە شۆڕش پرۆژەیەکی تەواوکارییە چ بۆ لابردن و کۆتایی هێنان بە ڕەوشێك یان بۆ نەهێشتنی دۆخێکی ناهەمواری وا کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت چاکسازی تێدا بکرێت، مانای وایە دەریچەیەك بوونی نییە جگە لە یاخیبوون بەسەر ئەم ڕەوشەو بەرپاکردنی شۆڕش بەسەریدا نەبێت، شۆڕش هێزێکە هەرچەندە ئەگەر ماوەیەکی زۆریش بە بێدەنگی بمێنێتەوە، بەڵام لە خۆیدا دەرفەتێکی گونجاوە بۆ خستنە واری جێبەجێکردن، دەرفەتێکی وەها لەو کاتەدا دێتە پێشەوە کە ئاماژەیەك بەم ئاراستەیەدا هەبێت وەك ئاماژەدانێك بە (قەیران، کوێرەوەری، برسێتی، چەوسانەوە، ستەمکاری.)

شتێکی لۆژیکی نییە مرۆڤ چاوەڕێی بەرپاکردنی شۆڕشێك نەکات بەهۆی چەوساندنەوەوە، لێکدانەوەی شۆڕش بە دەلالەتی چەوسانەوە، پرەنسیپێکە لە پرەنسیپەکانی مێژوودا چەسپاوە، بەڵام لێکدانەوەی شۆڕش لەبەر ڕۆشنایی (برسێتی یان کوێرەوەری یان چەوسانەوە) هیچ ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانەی بەرچاوانەی بۆ خۆی بە تەواوی نەگێڕاوە، لە سەدەی هەژدەیەمەوە نەبێت، کە ئەو ڕۆڵە بە ڕوونی دەرکەوت کاتێك خەڵك باوەڕیان بەوە هێنا کە (برسێتی و کوێرەوەری و ستەم و چەوسانەوە) چارەنووسی ئەوان نییە..

واتا بۆ ئەوەی شۆڕش بەرپا بکرێت، پێویستە لەسەر مرۆڤ چیدیکە داهاتووی ژیانی خۆی ڕادەستی

چارەنووسێکی نادیار نەکات، لەم بارەدا پێویستە چاو بە دۆخی ئێستای کۆمەڵگەدا بخشێنرێتەوە، بەتایبەت (پێکهاتەی کۆمەڵگەکەو بەهاکانی)،ئەمەیش دەبێتە هۆی بونیادنانەوەی سەرلەنوێی مرۆڤ لە ڕێی بونیادنانەوەی کۆمەڵگە بە شێوەیەك کە گونجاو لەبار بێت لەگەڵ خواست و بەها کۆمەڵایەتییە تازەکانیدا، چونکە شۆڕش کار بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کۆمەڵگەش دەکات.

### ● مافی ڕەوای گەلان بۆ شۆڕش و گەیشتن بە ئازادی

مافی گەلان لە بەرهەڵستیکردنی حوکمڕانان و ڕەتکردنەوەی جەورو ستەم، لەو ساتەوەختانەدا بەدیار دەکەوێت کە ئەو دەستەبەریانەی نێو دەستوور دەستەوەستان بن لە سەپاندنی ڕێزلێگیرانی ئەو مافانەی تاك کە بەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەواییاندا هەیەتی، بە کردەوە وا دەرکەوتووە کە ڕێزگرتن لە مافەکانی گەل تەنیا پشتبەستوو نییە بە دەستەبەرییە تیۆرییەکانەوە، بەڵکو بڕوا بوونی گەل بە ڕێزگرتنی دەستوورو داواکردن لە حوکمڕانان کە ڕێز لە هەموو ئەو مافە دەستووریانە بگرن، هەروەها گوشارخستنە سەریان بە هەموو شێوازێك، لەوانەش شێوازی بەرهەڵستیکردن لە بەرامبەر ستەمکارێتیی ئەو حوکمڕانانە لە ڕێی شۆڕشەوە، ئەم مافە مافێکی هەمیشەیی گەلانە، بەم مافانەوە هاووڵاتیان پەرچەکرداری کۆمەڵایەتییان لەلا بەهێزو کاریگەر دەبێت، تاکو داکۆکی لە ماف و سەروەرییەکانی تێکڕای گەل بکەن.

لە هزری سیاسیدا مافی ڕەوای گەل لە بەرهەڵستیکردنی ستەمدا کایەیەکی بەرچاوی هەیەو بووەتە مایەی بایەخپێدانی فەیلەسووفان، هەر لەوەتەی بیرۆکەی ململانێی نێوان دەسەڵات و ئازادی هاتۆتە کایەوە، لەبەرئەوە ئاراستەیەکی گرنگ و کاریگەر لە فەلسەفەی سیاسیدا سەریهەڵداوە کە بڕوای تەواوی هەیە بە مافی ڕەوای گەل بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سیاسی و چاودێری خستنە سەر کاروبارەکانی حکومەت لە پێناوی دابینکردنی ڕێزو سەروەربوونی هاووڵاتیان، ئەم ئاراستەیە دان دەنێت بە مافی ڕەوای گەلان لە بەرهەڵستیکردنی حوکمی ڕەهایانەو بە گژداچوونەوەی ستەمکارێتی ئەویش بۆ دابینکردنی ئازادییان.

ئەم ئاراستەیە دان دەنێت بە ڕەوایەتیی مافی بەرگری و بەرهەڵستیکردن، لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ دەستوورێکدا ماددەیەك یان حوکمێکی دیاریکراو نابینرێتەوە، کە دان بەو مافەدا بنێت، لە ڕووی مێژووییەوە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٧٨٩ لە لایەن شۆڕشگێڕانی فەرەنسایی بڵاوکرایەوە، بە دەق هاتووە تێیدا کە مافی بەرهەڵستیکردن وەك مافێکی سروشتیی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، ئەم مافەش لە جاڕنامەی مافەکانی فەرەنسیدا دووپاتکراوەتەوە کە لە ساڵی ١٧٩٣ دەرچوێنراوە، لەمەشدا ماف بە تاك دەدرێت هێز بەکاربهێنێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵسوکەوتی ستەمکارانەی حکومەت و سەرپێچیکارانی یاسادا.

لەو بیرمەندە یاساناسانەی فەرەنسا کە پشتگیریی تەواوی مافی گەلان دەکەن بۆ شێوازی بەرهەڵستی کردن، پرۆفیسۆر(مۆریس هۆریۆ) و پرۆفیسۆر (لیۆن دکی) و پرۆفیسۆر (جۆرج بیێردۆ)یە، یەکەمیان جەخت دەکاتەوە لەسەر مافی بەرهەڵستیکردن دژ بە ستەمکاران لەسەر بنەمای بیرۆکەی بەرگریی ڕەوا، لە حاڵەتی دەستدرێژیکردن بۆ سەر مافی هاووڵاتیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەو کاتە مافی ڕەوای تاکە، کە پەنا بۆ بەرگرییەکی ڕەوا بەرێت، تا خۆی لەو دەستدرێژیانە بپارێزێت کە لە لایەن دەسەڵاتەوە دەکرێنە سەری، بەڵام پرۆفیسۆر دکی جەخت دەکاتەوە لەوەی کە پێویستە ڕێزبگیرێن لە پرەنسیپی سەروەریی یاسا کە بناغەیە بۆ دەوڵەتی یاساو شارستانی بوون، بە پشتبەستنمان بەم پرەنسیپەی دکی، بڕیاردراوە کە بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتی داگیرکاران مافێکی سروشتی هەر هاووڵاتییەکە، ئەویش بە زەبری هێز، کە ئەمەش شتێکی ڕەوایە، چونکە لە کاتی بەرهەڵستیکردندا پرەنسیپی سەروەرێتیی یاسایی لێ دوویات دەکەنەوە کاتێك دەسەڵاتداران سەرپێچی یاسایی بکەن، ئیتر ئەو کاتە تاکەکان بۆیان هەیە شوێنی دەسەڵاتداران بگرنەوەو ئەرکی پاراستنی سەروەریی یاسا و گەڕانەوەی ماف بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆی لە ئەستۆ بگرن.

بەڵام ڕای پرۆفیسۆر جۆرج بیردیۆ وایە کە داننان بە مافی تاکەکان لە بەرهەڵستیکردنی ستەمکاری بنەمایەکی کاریگەر بۆ پاراستنی یاسا دەستەبەر دەکات، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی حوکمڕان پابەندی یاساکانی دەوڵەتداری بن.

### ● شۆڕش لە بۆشاییدا دروست نابێت و لەناو بازنەی بەتاڵدا ناسورێتەوە

هۆشیاریی شۆڕشگێڕی ماف بۆ بەرهەڵستیکردن و شۆڕش بەرپاکردن دروست دەکات کە عەقڵ دەبزوێنن لە بەرامبەر نادادپەروەری و نایەکسانیدا، ئەمەش وا لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە لە هەمبەر چارەنووسی نادیاریان یاخی ببن، ئەم هۆشیارییە شۆڕشگێڕانەیە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی شۆڕشەکەیە، چونکە بە هاوشان لەگەڵ هەلومەرجەکەدا شۆڕشەکە

بەڕێوەدەچێت، لەم چوارچێوەیەدا شۆڕش بەرپا دەبێت، ئینجا بۆ دەستەبەربوونی ئەم شۆڕشە و گیانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی پێویستە پشت ببەسترێت بە پێشەنگی شۆڕشگێڕان و بزاڤی شۆڕشگێڕانەی میللی.

لێرەدا شۆڕش وەك پرۆژە دێتە ئاراوە، شۆڕش لەسەر بۆشایی دانامەزرێت و لە نێو بازنەیەکی بۆش و بەتاڵدا ناسووڕێتەوە، بەڵکو پشت بە پرۆژەیەك دەبەستێت کە دەرئەنجامی یەکگرتنی نێوان هۆشیاریی شۆڕشگێڕی و هەلومەرجی بابەتیانەیە، بەڕای (دیکۆ فلە)ی بیرمەندی فەرەنسایی لە کتێبەکەیدا( سۆسیۆلۆژیای شۆڕش، پاریس١٩٧٠) پێویستە لە شۆڕش تێبگەین و شرۆڤەی بکەین وەك پرۆژەیەك، بەڕای ئەلبیرکامۆ لە کتێبەکەیدا (مرۆڤی یاخی) پێی وایە شۆڕش بە بیرۆکەیەکەوە سەرهەڵدەدات، کە تێکەڵ بووبێت بە ئەزموونێکی مێژوویی.

کەواتە شۆڕش گوزارشت لە پرۆژەیەك دەکات و هاوکات هێڵێکی دیاریکراوی هەیە بۆ گوزارشت کردن لە بیرۆکەیەك و دواتر پرۆژەیەك بە دیدی دێنێت، ئەم پرۆژەیە ڕێکخستنی تەواوی عەقڵەو شێوەیەکە لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی هزری، کە دواتر دەگۆڕدرێت بۆ واقیع لە چرکەساتێکی شۆڕشگێڕیدا، لەو کاتەدا کە شۆڕشی تێدا بەرپا دەبێت، ئەم پرۆژەیە چەندین خەسڵەت لە خۆدەگرێت لەوانە: پێویستە گوزارشت بێ لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی. خەسڵەتێکی داماڵراوی هەبێت و تواناو لێهاتوویی ئەوەی هەبێت خواستەکانی مرۆڤ بجووڵێنێ بەرەو ڕەوشت و بەهاکان، لەبەرئەوە زۆر دەگمەنە شۆڕشێك ببینین بونیادنانی مرۆڤی تازەی لە هزری خۆیدا دانەنابێت، ئەم بونیادنانە کارێکی مەتریاڵیە بە ویستی مرۆڤ دێتە دی، لە کاتێکدا شۆڕش کردەوەیەکە باڵاترە لە ویستی مرۆڤایەتی و کۆنترۆڵی ئەو ویستەش دەکات.

کەواتە پرۆژەی شۆڕش دەبێت مۆرکێکی ئەفسووناوی بیرکردنەوە لە خۆ بگرێت، لەم ڕووەوە ئۆتۆ باوری بیرمەندی سۆسیالیستی نەمساوی دەنووسێت: «بەلشەفیك لە حاڵەتی خەباتدا بوون کە دەرئەنجامەکەی ژیان، یان مەرگ بوو، ئەم خەباتە دژی یەکێك لە بەهێزترین دوژمنەکان ئاڕاستە کرابوو، ئەو واقیعە واقیعێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو بەو ناوەی کە دەیانەویست ڕەهایەتی بە دەست بهێنن، کەواتە پرۆژەی شۆڕش مەبەستی گۆڕینی کۆمەڵگایە بە بیرکردنەوەیەکی پێشوەختەوە، کە دواتر بە خەیاڵی داستانئامێزەوە دەبێتە واقیعێك لەو کاتەیدا کە شۆڕش سەردەکەوێت.»

## ● شۆڕشی ئەیلوول
## شێوازێك لە شۆڕشی جەماوەری

بەم شێوەیە شۆڕش پرۆژەیەکی تەواو و کامڵە ئایا شۆڕشی گەلی کوردستان لە عیراق لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ شۆڕشێکی لەم چەشنە بووە؟ ئایا پرۆژەیەکی تەواوی لە پشتەوە بووە؟

مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە دێرین زەمانەوە باسی تێکۆشانی کۆمەڵگا ستەملێکراوەکانی کردووە لە پێناوی ئازادی و چاککردنی گوزەران لە ڕێی ئامرازگەلێکەوە کە توندوتیژی و هێزو ڕاگەیاندنی شۆڕشی تێدا بەکارهاتووە، شۆڕش لە پێناوی گۆڕانکاری بنەڕەتیانە لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و گۆڕانکاریی لە بەها کۆمەڵایەتییەکاندا بەرپا دەبێت.

ئەم شۆڕشە تەنیا نموونە نییە، چەندین نموونەی جیاوازی تریش هەن، بەڵام گرنگترینیان نموونەی شۆڕشە لەژێرەوە کە بە (شێوازی شۆڕشەکەی فەرەنسا) ناوزەد دەکرێت.

## ● ئایا شۆڕشەکەی ئەیلوول هاوشێوەی ئەم شۆڕشەیە بوو؟

(جاك ئیلول)ی بیرمەندی فەرەنسایی لە کتێبەکەیدا (پێکهاتەی خودیی شۆڕش، پاریس ١٩٧٠) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی چەندین شۆڕش بەرپا دەبن بێ ئەوەی مسۆگەر بن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی خواست و ئامانجەکانیان ناڕوونن، تایبەت بە (گۆڕینی سیستەم و ئەو بنەما بنەڕەتییانەی کە کۆمەڵگەیان لەسەر بونیادنراوە) بۆیە لە دەرئەنجامدا ئەو شۆڕشانە تایبەتمەندیی خۆیان لەوەی خاوەن پرۆژەبن لە دەست دەدەن، سەرۆك مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەشی ٣، ٢٠٠٢) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شۆڕش لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە ئەیلوولی ١٩٦١ بەرنامەیەکی پلانداڕێژراوی نەبووە، بەڵکو بە هەست و شعوورێکی خوێنگەرمانەوە هەڵگیرساوە، ئەزموونی پێشووی شۆڕشگێڕیمان نەبوو، هەروەها هیچ نیازی بەکارهێنانی هێزمان نەبوو، بەڵکو لە ناکاوڕا دەستی پێکرد، شێوازێك بوو لە شۆڕشێکی جەماوەری کە دژی حکومەتی ئەوساو ڕژێمی حوکمڕانی و سیستمی باوی کۆمەڵایەتی بوو، ئاڕاستەکان سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەرکەوتن و لەبن هەژموونی ئەو بیرو هزرانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندییەکانی گەلەوە، ئەمانە هەمووی پێکەوە پاڵنەری جەماوەر بوون بۆ جووڵانەوە((قۆرخکردنی ئابووری و سیستمی سیاسی، گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و توندوتیژیەکانی چینایەتی))

هەموویان پێکـــەوە هۆکارگەلی بنەڕەتی شۆڕشـــەکە بوون لە ژێـــرەوە تەقییەوەو لـــە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەســـتی پێکرد(نیشانەکانی شۆڕش لەگەڵ بزووتنەوەی مانگرتنی سەرتاســـەری ٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستیان پێکـــردو هەمـــوو ناوچەکانی کوردســـتانی تەنییەوە)، دیـــارە هێزەکانـــی حکومەت بە زەبـــری ئاگری هێزی ســـوپا توانییان هەندێ پێشـــڕەوێتی بکەن، بەڵام دواتر شۆڕشـــی جەماوەرییانەی ئەیلول هەندێك پاشەکشێی کردو لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا کە لە کۆتایی ســـاڵی ١٩٦١ ئەنجامـــدرا بارزانیی مســـتەفا لـــە وتەیەکیدا ئەمەی دووپات کردەوە: (( برایان من هەر خۆشم نازانم ئایینده چی لە هەگبەدایـــە.. من بە هەموو توانایەکم لـــە بەرگریکردن بەردەوام دەبم و کوردســـتان جێناهێڵم.. ئەوەتا من مردنم هەڵبژارد ئەوەیشـــی مردن هەڵدەبژێرێت با لەگەڵمدا بمێنێتەوە، هەر بەم ڕێگایەشدا دەڕۆم، من تەنیـــا ئەو چەکەو ئەو فیشـــەك و درهەمە کەمەم لایە کە هەر ئەوەیش شـــك دەبەم، ئەوانەی بەرگەی ترس و برسێتی و سەرما دەگرن با بمێننەوە، ئەوەیشی کە شتێکم لـــێ چاوەڕوان ناکات با بمێنێتەوە، چونکە من وەك ئێوە پارەو چەکم نییە.. ئێمە نەتەوەیەکی موسڵمانی کوردی ستەملێکراوین و پێویستە لەسەرمان بەرگری لە ماف و کەرامەتمان بکەین و مایەی شانازی و سەربەرزیشە کە گیانمان بکەینە قوربانی ئازادیی گەلەکەمان)).

لەم وتەیـــەدا زۆر بە خاکڕاییانە پوختەی مەبەســـتی پرۆژەکە بەدیار دەخـــات: پرۆژەکە بریتییە لە بەرگری کـــردن لە ماف و کەرامەت و ئامادەبوون بۆ گیانفیدایی بە گیان و ڕۆح لە پێناوی ئازادیی گەلی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا دروشـــمی ناوەندیی شۆڕش بریتی بوو لە(دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان). پەرەســـەندنی ڕووداوەکان و فراوانبوونـــی بزووتنەوەی ســـەربازی و زیادبوونـــی پانتایـــی جیۆگرافییی کە کەوتبوونە بن کۆنترۆڵی پێشـــمەرگە لە ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٣ چوارچێوەی گشـــتیی پرۆژەکەی شۆڕشی ڕوونتر کردەوە، بـــەڵام ئاکارەکانی پرۆژەکە لەگەڵ ئەو دیالۆگانـــەی لەگەڵ ڕژێمی تازەی حوکمی عیراق کە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ئەنجامدران،سەریان هەڵدا، پاش ئەوەی حوکمی عەبدولکەریم قاسم لەناوبرا، ئەوە بوو لە ٥ی ئاداری ١٩٦٣ بارزانیی نەمر وەك سەرکردەی شۆڕش یاداشـــتێکی ڕادەستی شاندی دانوستانکاری حکومەت کرد کە بریتی بوو لە پرۆژەی شـــۆڕش ســـەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کە سنووری جیۆگرافیای کوردستان دیاری دەکات لەگـــەڵ دانبنان بە زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی، هەروەها جەخت کردنەوە لەوەی کە حوکمڕانی لە عیراق پەرلەمانیی و دیموکراتییانە بێت، لە وەڵامدانەوەی ئەم یاداشـــتەدا حکومەت بڕیاری سیستمی لامەرکەزی لـــە بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایەتیدا دەرچواند، دانی نا بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا.

لە کۆنگرەی کۆیە کە لە ١٨ی ئاداری ١٩٦٣ بەسترا، ئاکارو نیشانە سەرەکییەکانی شۆڕشی ئەیلول ڕاگەیەنرا لە میانەی ئەو یاداشـــتەی لـــە کۆنگرەکەوە ئامادەکراو دواتر دانەیەکی ڕەوانەی حکومەتیش کرا، یاداشـــتەکە زۆر خاڵی دیکەی تێدا بـــوو لەوانە: عیراق دەوڵەتێکی یەکگرتووەو لە دوو نەتەوەی سەرەکی لە عەرەب و کورد پێکدێت و مافی یەکســـان و وەك یەکیان هەیەو بە پێی پرەنسیپی مافی چارەنووس گوزارشت لە ویستی خۆیان دەکەن، پێویســـتە دەستوور ئەو دەقەی تێدا بچەسپێنرێت، هەروەها بە ڕێکخستنی دەزگایەکی نەتەوەیی تایبەتمەند بە پیادەکردنی مافەکان لە لایـــەن نەتەوەی کوردەوە لە بوارەکانی یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادوەرییەوە.

شـــاندی کوردی لە وتوێژەکانـــی یەکێتیی عەرەبی کە لە نێوان عیراق و میســـرو سووریا لە قاهیرە ئەنجامدرا، یاداشتێکی لە ٨ی نیسانی ١٩٦٣ پێشکەش کرد کە تێیدا داخوازییەکانی گەلی کوردی ڕوونکردەوە لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی لامەرکەزی، بـــەڵام ئەگەر عیراق چووە ناو یەکێتیی فیدراڵییەوە ئەو کاتە پێویســـتە ئۆتۆنۆمی بـــە گەلی کورد بدرێت، بـــەڵام ئەگەر عیراق چووە ناو یەکێتییەکی تەواو لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکەی عەرەبیدا، پێویستە گەلی کورد هەرێمێکی تایبەت بە خۆی هەبێت کـــە بە دەوڵەتە یەکگرتووەکە بەســـترابێتەوە، هەموو ئەم داخوازییە ڕەوایانە نەهاتنەدی و پرۆژەی شۆڕش کەوتە ناو حاڵەتی چەقبەســـتن و لە خانەی خەیاڵداری گیری خـــوارد، وێڕای هەندێ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت لە شـــوباتی ساڵی ١٩٦٤ و حوزەیرانی ١٩٦٦تا دەگات بە ١١ ئاداری ١٩٧٠.

کەواتـــە پرســـیارەکە ئەوەیە: ئایا شۆڕشـــی ئەیلوول لە بەدیهێنانـــی پرۆژەکەیدا شکســـتی هێنا؟ وەڵامەکە بە دڵنیاییـــەوە نەخێر، شـــۆڕش زۆر ئامانجی بەدی هێنا، گرنگترینیـــان داننانی حکومەتی عیراق بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردســـتان کە ئەمە یەکەمین داننانی دەســـتووری - سیاســـی بوو، ئەوەش خرایە نێو دەســـتووریی کاتیی عیراقەوە لە ســـاڵی ١٩٧٠ دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بـــەڵام جێبەجێکردنی تەواوی پرۆژەی شـــۆڕش بە درێژایی کاروانی شـــۆڕش تەواو نەکرا، تا ئێستاش ئەو پرۆژەیە وەك( ئامانج و خواست) چاوەڕوانی جێبەجێکردنە، تا ئەو کاتەی کاروانی ئازادی و سەرکەوتن بە سەر ستەمکاریدا دەگاتە جێ.

# شۆڕشی ئەیلوول هیوای نەتەوەیەک

# کوردستان یان نەمان



# ئەگەر دەوڵەتمان نەبێت
# کوردبوون و کوردستانیبوون
# مانای نابێت



دروشمی شۆڕش ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕاستەقینەی خەڵکە، هەربۆیە کاتێک سەیری دروشمی شۆڕشی فەڕەنسا دەکەین، بریتییە لەم سێ وشەیە (ئازادی، برایەتی، یەکسانی)، ئەم سێ وشەیە بە زمانی فەرەنسی هاوئاواز و هاوقافیەن، زۆر کەس کە گوێی لەم دروشمانە دەبێت، واتیدەگات ئەم وشانە لەبەر ئەوە کراون بە دروشمی شۆڕش، کە ئاسان و هاوئاواز و هاوقافیەن، بەڵام لە باری واقیعدا بێجگە لەم سێ وشەیە، هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت پێناسەی ئەو شۆڕشە بکات. لەبەر ئەوەی ئەم سێ وشەیە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بە وردی دیاریکراون و تەوەری ناکۆکیی دێرینی نێوان لایەنگرانی شۆڕش و دوژمنانی بووە. ئەگەر سەیری شۆڕشی تورکی گەنج (Young Turk Revolution) بکەین کە لە ساڵی ١٩٠٨ ئەحمەد ڕەزا کە خۆی بیرمەند و زۆر شارەزای بیر و فەلسەفەی ماتزینی و ئۆگست کۆنت بوو، بۆیە زۆر بە وردی وشەکانی بۆ دروشمی شۆڕشەکەی هەڵبژاردبوو، بۆیە لە شۆڕشی تورکی گەنجدا بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ برایەتی نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو پێیوابوو ئیسلام مەسەلەی برایەتی چارەسەر کردووە (هەموو موسڵمانان برای یەکترین)، بۆیە لە بری ئەم وشەیە دادپەروەری بەکارهێنابوو، وەک ئاماژەیەک بۆ پلان و بەرنامەکەی بۆ چاکسازیش، لە دوای کودەتای ١٩٥٢ لە میسر جەمال عەبدولناسر هیچ کام لە سێ وشەکەی شۆڕشی فەرەنسای بەکار نەهێناوە، ئەوەی کرد بە دروشمی شۆڕشەکەی کە واقیع حاڵی میسر بوو، ئەویش بریتی بوو لە (یەکبوون، نیزام، کارکردن).

- عەباس مەحمود عەقاد
- فەلسەفەی شۆڕش لە تەرازوودا

**بڕیاری شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعشی لە ژێر دروشمی شەڕی مان و نەمان و (کوردستان، یان نەمان)ی دا. ئەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ژێر دروشمی کوردستان، یان نەمان، جارێکی دیکە سروودی ئەی ڕەقیبی لە ناخی هەموو تاکێکی کوردستاندا چرپییەوە**

### فاکتەرە ڕاستەقینەکانی شۆڕش لە ژیانی نەتەوەدا

هەموو نەتەوەیەك کە بڕیاردەدا شۆڕش بکات، کۆمەڵێك فاکتەری شاراوە لە پشت ئەو شۆڕشەوەن. ئەو فاکتەرانە هەر یەکەیان لەناو ناخی تاکەکانی نەتەوە بوونی هەیە، هەر بۆیە دروشمی شۆڕشەکە ڕەنگدانەوەی ئەو فاکتەرە شاراوانەیە کە لە ناخی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە بوونی هەیە، لەم سۆنگەیەوە ئەگەر سەیری دروشمی هەموو شۆڕشە سیاسییە نەتەوەییەکانی ئەم جیهانە بکەین، دەبینین هەموویان ڕەنگدانەوەی واقیعی نەتەوەن، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری شۆڕشی چین بە سەرۆکایەتی (سن یات سن) بکەین، دەبینین ئەو پرەنسیپی نەتەوەیی کردە دروشمی شۆڕشەکەی کە بریتی بوو لە (دیموکراتی و سۆشیالیستی نەتەوەیی). دیارە چین نەك هەر لە ڕابردوو، بەڵکو لە ئێستاشدا بڕوای بە مۆدێلی دیموکراتی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو ئەو کە وشەی دیموکراتی بە مانا یۆنانییەکەی بەکار هێناوە.. تەنها مەبەستی ئەوە بووە کە زۆرینە دەبێت حوکمڕانی دەوڵەتی چین بکات، ئەوجا لە بەر ئەوەی چین لەو کاتە وەك نەتەوە مەترسی و هەڕەشەی لەسەر بووە، (سن یان ست) دەیویست نیشتمان بخاتە جێگەی دەوڵەت و لە هەستێکی نەتەوەییەوە مامەڵە لەگەڵ مەنشورییەکان و مەغۆلەکان بکات.

بەڵام ئەگەر سەیری شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی بکەین، کە ئەمریکییەکان بە شۆڕشی بونیادنانی کۆماری ئەمریکای ئازاد ناوزەدی دەکەن، هەست دەکەین جۆرج واشنتۆن بڕوای بە سیستمی پەرلەمانی و دیموکراتی نوێنەرایەتی هەبووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە گەلی ئەمریکا ڕازی بن، پەرلەمانێکی دیکە، واتە بەریتانی یاسایان بۆ دەربکات. بۆیە ئەگەر سەیری دەستپێکی بڕیاردانی شۆڕشی ئەمریکا بکەین، سەرەتاکەی لە ئاهەنگی چاخواردنەوەوە لە سەر ڕووباری بۆستن دەست پێدەکات و چایەکان دەکەنەوە ناو ئاوەکە، ئەمەش بەو مانایەی (باجدان بە پەرلەمانی بەریتانیا وەك ئەوەیە ئەو چایە بکەیتە ناو ئاوەکە و هیچ سوودێکی نییە). ڕاشکاوانەتر دروشمی شۆڕشی ئەمریکا بریتی بووە لە (نوێنەرایەتی کردن نەبێت، باجدانیش بوونی نییە)، پاشانیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە کۆماری ئەمریکای ئازادیان دامەزراند، ئەمە بە دیوێکی دیکەشدا دەخوێندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە شۆڕشی ئەمریکا بۆ ڕاستکردنەوەی سیستمی لیبراڵیزم و ڕاستکردنەوەی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی بووە، کە گەل خۆی نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت، لە بەرامبەردا ئەگەر سەیری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکەین، کە ئامانجی



ئەو شۆڕشە وەك ئامانجی کۆمۆنیستی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بووە، دەبینین دروشمەکە تەواو تەواو پێچەوانەی دیموکراتییەت و سیستمی پەرلەمانی و نوێنەرایەتییە، بۆیە دروشمی (ئەی کرێکارانی جیهان یەك بگرن)ی بەرز کردبووەوە، ئەمەش بەو مانای چینی کرێکاران، چینی پەسەندکراو و هەڵبژێراون بۆ حوکمڕانی، هەروەك چۆن جوولەکە پێیوایە ئەوان گەلی هەڵبژێراوی خوان بۆ حوکمڕانی.

ئەگەر سەیری شۆڕشی نیمچە کیشوەری هیندستان بکەین، دوای ئەوەی گاندی لە ١٩٢١ بووە سەرۆکی کۆنگرەی هیندستان، لەگەڵ ئەوەی پرەنسیپی ناتوندتیژی بۆ شۆڕشەکەی و سەربەخۆیی هێندستان هەڵبژارد، دروشمەکەی ئەوە بوو: (نابێت هاوکاری بەریتانیا بکرێت و باجی خوێ بدرێتە بەریتانیا)، وەك کاردانەوەیەکیش بۆ ئەوەی باجی خوێ (ضريبة الملح) نەدرێتە بەریتانیا، کاروانە بەناوبانگەکەی دەستپێکرد کە ماوەی ٤٠٠ کیلۆمەتر بوو بۆ ئەوەی بگاتە زەریای هیندی و خەڵکی هیندستان خۆیان خوێ بەرهەم بهێنن، بە خوێکەی خۆیان بژین و شمەکی بەریتانی نەکڕن، ئەمەش وایکرد بەریتانیا ناچار بێت لە ساڵی ١٩٤٧ سەربەخۆیی نمیچە کیشوەری هێندستان (هیندستان و پاکستان و بەنگلادیش) قبووڵ بکات.

بۆیە کاتێك دەگەڕێینەوە ناو مێژووی شۆڕشی نەتەوەکانی جیهان، گرنگە خۆشمان هەڵوەستەیەك لەسەر دروشمی شۆڕشی نەتەوەیی خۆمان بکەین کە ئەویش دروشمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە و تەنها لە دوو وشە پێکهاتووە (کوردستان، یان نەمان)، لە خۆمان بپرسین ئایا چۆن ئەم دوو وشەیە بووە دروشمی ئەم شۆڕشە سەرتاسەرییە و بە سەدان هەزار رۆڵەی ئەم وڵاتە ئامادەبوون لە ژێر ئەم دروشمە گیانی خۆیان بکەن بە قوربانی خاکەیان؟

**● شەڕی بەردەرکی سەرا**
**پێش دروشمی کوردستان، یان نەمان**

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان و لەچوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەر، براوەکانی شەڕ بەو جۆرە رێککەوتبوون، لەناو میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەوڵەتی کوردستان دروست بکەن، پاش ئەوەی لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا لەسەر ئەوە رێککەوتن، ویلایەتی موسڵ بدرێتە بەریتانیا و بۆ لکاندنیشی بەو دەوڵەتە تازەیەی ناوی عێراقە راپرسی ئەنجام بدرێت کە ئایا دەیانەوێت ببنە بەشێك لە عێراق، بەڵام لە کۆنگرەی لۆزان و پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا لەسەر دەستی مستەفا کەمال، وازیان لە پەیماننامەی سیڤەر

**(ئەی رەقیب و کوردستان، یان نەمان)ـەکەی شۆڕشی ئەیلوول، نەخێری کۆیلەیە بە رووی ئاغاکانیدا و لەگەڵ دەنگی بەرزی ئەم نەخێرە، لە نەتەوەیەکی بندەست و مردوو، نەتەوەیەکی زیندووی ئازادیخواز لە دایک بوو**

# جۆن ئەدامز: پێش ئەوەی شەڕ بکەین شۆڕشەکەمان لە هزر و دڵی خەڵکدا دەستی پێکردبوو

**ئایا مەبەستمان چییە لە شۆڕشی ئەمەریکا؟ ئایا مەبەستمانە بڵێین شەڕی ئەمەریکایە لە دژی بەریتانیا؟ ئاشکرایە شۆڕشی ئەمریکا بەر لە دەستپێکردنی شەڕەکە دەستی پێکردبوو. شۆڕشەکە لە هزر و دڵی خەڵکدا دروست ببوو. گۆڕانکاری لە هەستی ئایینی و لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیاندا بەدیهاتبوو. ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییە لە بنەما و بۆچوون و هەست و سۆزی خەڵکدا بریتی بوو لە شۆڕشی ڕاستەقینەی ئەمەریکا.**

هێنا، حکومەتی پاشایەتی عێراقیش هەوڵیدا بەبێ ئەوەی پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێت، عێراق بەم نەخشەیەی ئێستایەوە ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەی گەلان. کاتێك لە سییەکانی سەدەی رابردوو عێراق بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و خەونی دەوڵەتی کوردستان خامۆش کرا، لە سلێمانی خۆپیشاندان کرا و رازی نەبوون کوردستان بلکێندرێت بە عێراقەوە، لە ئاکامدا شەڕی بەردەرکی سەرا روویدا و لەوێدا یەکێك لە هاوولاتیانی ئەو شارە کە ناسراوە بە (عەولە سیس) شەهید بوو. لەسەر ئەم رووداوە شاعیری گەورەی کورد لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (هەڵۆ بەگ) زۆر جوان ناخی دڵی عەولەی خستۆتەڕوو و دەڵێت:

*بڵێن بە بووکی تازەی یەکشەوە گەر هاتە سەر نەعشم..*
*نەڵێت خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە رێی عیشقی منا نەژیا*
*وەزیفەم بوو لە پێناوی ولاتێکدا سەرم بەخشم*
*کە تۆی پەروەردە کرد لە دامێنی چیا و کەژیا*
*ئەگەر خوای گەورە پێبەخشیت هەتیوێ پێی بڵێ رۆڵە*
*لە من فرمێسکی ویست باوکت لە تۆش دوا دەکات تۆڵە*

***

ئەم کۆپلە شیعرە هۆکاری راستەقینەی شەهیدمان پێدەڵێت، ئەویش ئەوەیە کاتێك کوردستان بەزۆر دەلکێنرێت بە دەوڵەتێکی دیکەوە، ئەوا نەمان هەڵدەبژێرین، ئەمەش نەك تەنها نەوەیەك و بەس، بەڵکو دەبێت نەوە دوای نەوە نەمان هەڵبژێرێت هەتا کوردستان دەبێت بە دەوڵەت. هەربۆیە وەك عەبدولا گۆران لە زاری شەهیدەوە گوتوویەتی دەبێت کوڕەکەشی تۆڵەی بۆ بکاتەوە، تۆڵەکەش دیارە ئەو ئامانجەیە کە باوکی لە پێناویدا شەهید بووە و ئەو ئامانجەش دامەزراندنی کۆماری ئازادی کوردستانە.

ئەم باسە جیاوازە لەو هەولانەی پێشتر سەرکردەکانمان وەك شێخ مەحموودی حەفید و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان داویانە، ئەوەی ئەوان تێڕوانینێکی سیاسییانە بووە بۆ ئایندەی نەتەوە، بەڵام ئەوەی شەهید عەولە سیس رایەکی گشتی میللییە و راگەیاندنی مردنە لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئەم وەرچەرخانە میللییە سەرەتای وەرچەرخانی فیکری شۆڕشگێڕی کوردستانە و دەستپێکی لەدایکبوونی فیکرێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی سەرتاسەرییە.

ئەو فیکرە شۆڕشگێڕییە میللییە سەرتاسەرییە، خواستی دەوڵەتی کوردستانی تەنها لە باشووری کوردستان بچووك نەکردبووە، بەڵکو ببووە رایەکی گشتی بەوەی کورد و کوردستانییەکان خاوەنی یەك کێشە و یەك پرسن و لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەوڵەتێك رابگەیەندرێت، واجبی هەر کوردستانییەکە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە گیانی خۆی ببەخشێت، ئەمە لە کۆماری کوردستان کە لەساڵی ١٩٤٥ لە چوارچرای مەهابادی پێشەوا راگەیەندرا، بە پراکتیکی جێبەجێ کرا و بارزانی مستەفا و هاوەڵەکانی بوونە سەربازی پارێزەری ئەو کۆمارە، دوای رووخانی کۆماری کوردستان و کاروانە مێژووییەکەی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری باکۆوە بەرنامەی بۆ راگەیاندنی کۆماری کوردستان دارِشت، ئەوجا لەبەر ئەوەی بەرنامە و پلانی مستەفا بارزانی بۆ کۆماری ئازادی کوردستان بوو، ئەو دڵنیابوو لەوەی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە ئامادەیە ئەو دەوڵەتە بپارێزێت، بۆیە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو کاتێك بیرۆکەی ولاتانی بێلایەن، یان (جیهانی سێیەم) وەك رێکخراوێك هاتەئاراوە و لە باندۆگ پرەنسیپەکانی راگەیەندرا، مستەفا بارزانی پشتگیری ئەو پرەنسیپەی کرد و لەگەڵ دامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوەش بووە هاورێیەکی ئەوتۆ، کە دامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوە وەك هاوتای خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ مستەفا بارزانی دەکرد.

**نەتەوە ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی نەبوو، دەبێت ملکەچی ئیرادەیەکی دەرەکی بێت، ملکەچبوونیش بۆ ئیرادەی دەرەکی واتە دروستبوونەوەی ئاغا و کۆیلە**

**ئەگەر سەرنجی سروودی شۆڕشی ئەیلول بدەین، کە سروودی (ئەی رەقیب)ـەو لەگەڵ دروشمی شۆڕشەکە بەراوردی بکەین کە (کوردستان یان نەمان)ـە، هەست دەکەین هیچ وشەیەکی دیکە نییە وەک ئەو دوو وشەیە دەربڕی ناخی هەر تاکێکی ئەم کوردستان بێت**

# پێش شۆڕشی ١٧٨٩ فەڕەنسییەکان هەستیان دەکرد لە وڵاتی خۆیان نین

**مۆنتسکیۆ، چل ساڵ بەر لە شۆڕشی فەڕەنسی زۆر باش لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە بنچینە و بناغەکان بونیادی سیاسیی ڕۆژئاوا لە داخوڕان و داڕماندان. ئەو ترسی هەبوو لە گەڕانەوەی تاکڕەوی، لەبەر ئەوەی ئەگەرچی گەلانی ئەورووپا بە هۆی نەریت و نۆرمەکانەوە حوکمڕانی دەکران، بەڵام چیتر لە ڕووی سیاسییەوە هەستیان نەدەکرد لە وڵاتی خۆیاندان، چیتر متمانەیان بەو یاسایانە نەمابوو کە لە سایەیدا دەژیان و چیتر باوەڕیان بە دەسەڵاتی ئەو کەسانە نەمابوو کە حوکمڕانییان دەکردن.**

- **سەرچاوە: لە بارەی شۆڕشەوە**
- **نووسینی: هانا ئارێنت**

ئەمە لە کاتێکدا مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی ئاوارەی بێ دەوڵەتیش بوو، دیارە دەوڵەتیش بەمانای نیشتمانی کوردستانییەکان، لای مستەفا بارزانی بریتی بوو لە دانپێدانان بەو نیشتمانە، ئەوجا دوای ئەوەی دان بەو نیشتمانە دەنرێت، دەکرێت ئارەزوومەندانە هاریکاری نێوان نیشتمانەکان بۆ بەرژەوەندی نەتەوە جیاوازەکان دروست بکرێت، هەر بۆیە کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی و لە نووسینەوەی دەستووری کاتی عێراقدا دان بەوەدا نرا (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە)، ئەمەش واتە عێراق دووبەشە، کوردستان و عێراقی عەرەبی، بۆیە مستەفا بارزانی پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دەربڕی و ئامادەباشی پیشاندا لە یەکێتی سۆڤیەت بگەڕێتەوە و هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و کوردستانییەکان، ئەم نیشتمانە بە هاوبەشی بەڕێوە بەرن، بەڵام کاتێك حکومەتی عێراق لەمە پەشێمان بووەوە و لە بری دانپێدانان بە کوردستاندا بڕیاری دا کوردستان داگیر بکاتەوە، ئەوا شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەڵگیرسا، بەڵام پێش هەڵگیرسانی شۆڕشەکە هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە خۆڕسکانە بڕیاریان دابوو لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان، یان دووبارە دانپێدانانەوەی حکومەتی عێراق بە نیشتمانی کوردستان و هاوبەشی کوردستانییەکان لە عێراقدا، گیانی خۆیان بەخت بکەن.

- **شۆڕشی ئەیلول و ئەی ڕەقیب و کوردستان، یان نەمان**

ئەگەر سەرنجی سروودی شۆڕشی ئەیلول بدەین، کە سروودی (ئەی ڕەقیب)ـەو لەگەڵ دروشمی شۆڕشەکە بەراوردی بکەین کە (کوردستان یان نەمان)ـە، هەست دەکەین هیچ وشەیەکی دیکە نییە وەك ئەو دوو وشەیە دەربڕی ناخی هەر تاکێکی ئەم کوردستان بێت. سروودی (ئەی ڕەقیب) پێناسەیەکی کورت و پڕمانایە بۆ دروشمی (کوردستان، یان نەمان) پێمان دەڵێت: (بەخوێن نەخشی دەکەین تاجی ژیان). دیارە مەبەست لە تاجی ژیانیش (تاجی دەوڵەتە) واتە دەوڵەتی سەربەخۆ، چونکە تەنها دەوڵەتی سەربەخۆ تاجی هەیە، لەمەش زیاتر هەروەك هیگل لە فەلسەفەی هەق و بۆ مانای بەرزی دەوڵەت ئاماژەی پێکردووە، نەتەوە ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی نەبوو، دەبێت ملکەچی ئیرادەیەکی دەرەکی بێت، ملکەچبوونیش بۆ ئیرادەی دەرەکی واتە دروستبوونەوەی ئاغا و کۆیلە، سەرەتای دەستپێکیش بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی، دروستبوونەوەی ململانێ لە نێوان (بەڵێ و نەخێردا)یە، بەوەی کە ئاغا داوا دەکات کۆیلەکەی بەردەوام بڵێ: بەڵێ، بۆیە هەتا بەڵێی کۆیلە بەردەوام بێت، کۆیلایەتی و ئاغایەتی بوونی دەبێت، بەڵام کاتێك کۆیلەکە بە ڕووی ئاغاکەیدا وتی نەخێر، لەو ساتەوە کۆیلەیەك دەمرێت و ئازادیخوازێك لەدایك دەبێت. کەواتە (ئەی ڕەقیب و کوردستان، یان نەمان)ـەکەی شۆڕشی ئەیلوول، نەخێری کۆیلەیە بە ڕووی ئاغاکانیدا و لەگەڵ دەنگی بەرزی ئەم نەخێرە، لە نەتەوەیەکی بندەست و مردوو، نەتەوەیەکی زیندووی ئازادیخواز لە دایك بوو. ئەمە پێمان دەڵێت: (کوردستان، یان نەمان و ئەی ڕەقیب) جمکن و پێکەوە لەدایکبوون و لەگەڵ کورد دەمرن، ڕاشکاوانەتر هەر کاتێك وازمان لە (ئەی ڕەقیب و کوردستان، یان نەمان) هێنا، هەتا ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی گەورەی کوردستانیش دابمەزرێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە جارێکی تر زۆر شەرمنانە لە (نەخێری) سەربەرزییەوە گەڕاینەوە بۆ بەڵێ)ی ملکەچی و ژێردەستەیی.

بۆیە ئەوانەی بە ناوی ئیسلامی سیاسییەوە ئەو مافە بە خۆیان بدەن بۆ سروودی ئەی ڕەقیب بەرزە پێ لەسەر پێ نەوەستن، بەو بیانووەی کە یەك دوو وشەی باسی ئایین دەکات، ئەوا بە وتەیەکی مامۆستا سەید

**ئەگەر سەیری دروشمی هەموو شۆڕشە سیاسییە نەتەوەییەکانی ئەم جیهانە بکەین، دەبینین هەموویان ڕەنگدانەوەی واقیعی نەتەوەن،**

**لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو کاتێک بیرۆکەی وڵاتانی بێلایەن، یان (جیهانی سێیەم) وەک ڕێکخراوێک هاتەئاراوە و لە باندۆگ پرانسیپەکانی راگەیەندرا، مستەفا بارزانی پشتگیری ئەو پرەنسیپەی کرد و لەگەڵ دامەزرینەرانی ئەو ڕێکخراوەش بووە هاوڕێیەکی ئەوتۆ، کە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە وەک هاوتای خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ مستەفا بارزانی دەکرد**

# ڕۆشنگەری هەوێنی شۆڕش و بەرخۆدان

**ڕۆشنگەری گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەبوو لەسەر دیاریکردنی نزیکەی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی ئەمەریکای ژێردەستی بەریتانیا. لە دیارترینی ئەو بوارانەش، بواری سیاسەت و حکومەت و ئایین بوون. واتە بێ بوونی ئایدیا و کەسایەتییە بێ ئەندازە گرنگەکانی ڕۆشنگەری، ئەوا ئەمەریکا بە شێوەیەکی ڕیشەیی جیاواز دەبوو. چونکە ئەم چەمکانە بوون لە ساڵانی دواتردا ڕۆڵیان هەبوو لە ڕەنگرێژکردنی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی هەم لە سەروەختی شۆڕش و هەم لە ڕۆژگاری دوای شۆڕشیشەوە زۆرێک لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی ڕۆشنگەری بوونە بنچینە و بناغەی زۆرێک لە ڕووداوە گەورەکانی وەک جاڕدانی سەربەخۆیی و داڕشتنی دەستوور. چەمکەکانی وەک ڕزگاربوون لە سەرکوتکاری، مافە سروشتییەکان و شێوازگەلی نوێی بیرکردنەوە لە بارەی بونیادی حکومەتەوە ڕاستەوخۆ لە فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەرییەوە سەرچاوەیان گرت، یەکێک لەو فەیلەسووفانەش جۆن لۆک بوو.**
**شۆڕشی ئەمەریکا و زۆرێک لە ڕووداوەکانی دواتر، دەرئەنجامی زۆرێک لە بیرۆکەکانی (ئایدیاکانی) ڕۆشنگەری بوون، شۆڕشیش دوای زنجیرەیەک لە سەپاندنی باجی ناڕەوا هات کە لەلایەن**

**ئەو فیکرە شۆڕشگێرییە میللییە سەرتاسەرییە، خواستی دەوڵەتی کوردستانی تەنها لە باشووری کوردستان بچووک نەکردبووە، بەڵکو ببووە رایەکی گشتی بەوەی کورد و کوردستانییەکان خاوەنی یەک کێشە و یەک پرسن و لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەوڵەتێک رابگەیەندرێت، واجبی هەر کوردستانییەکە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە گیانی خۆی ببەخشێت**

ئەحمەد بەرزنجی وەڵامیان دەدەینەوە کە لە دیمانەیەکدا بە گوڵانی راگەیاند: «موسڵمان ئەگەر نیشتمانی نەبێت، ئایینیشی نابێت»، بۆیە کاتێك ئەی رەقیب بە گژ دوژمنانی خوا و ئیسلامدا دەچێتەوە کە نیشتمانی کوردستان داگیردەکەن و پارچە پارچەیان کردووە، ئەمە پەنابردنە بۆ پەروەردگار بۆ ئەوەی داگیرکارانی کوردستان بزانن، ئەمە لای خواش قبوڵ نییە و پەروەردگار ئیرادەی نەتەوەیەك تێکناشکێنێت بۆ ئەوەی داگیرکاری قبووڵ بکات، بۆیە کاتێك ئەی رەقیب دەڵێت: (دینمانە ئایینمانە نیشتمان)، یان دەڵێت: (نایشکێنی دانەری تۆپی زەمان)، ئەمە ئەگەر لە روانگەیەکی ئیسلامی سیاسی غەیرە کوردەوە سەیری بکەیت، بیانوویەك بۆ داگیرکاری دروست دەکات، هەروەك چۆن لە زەمانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی هەندێك لە نۆکەرانی داگیرکەران دەیانگوت ئەوەی دژی خەلیفەی موسڵمانان شەڕ بکات (تەڵاقی دەکەوێت)، بەڵام پیاوانی ئایینی نیشتمانپەروەر لە دژی خەلیفەش دەجەنگان و پەتی سێدارەشیان دەکردە مل و پێڵاوەکانیان لە بەرزییەوە بە سەر سەری خەلیفە و نۆکەرانیەوە دەبینی. بۆیە ئەگەر لە روانگەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییەوە سەیری ئەی رەقیب بکەین و ویژدانی کوردبوون و کوردستانیبوونمان نەکەین بە قوربانی خواستی داگیر کەران، دەزانین بۆچی پیاوانی ئایینی کوردستان دەڵێن: (ئەگەر نیشتمانمان نەبێت، ئایینمان نییە). قسەی ئەم مامۆستا ئایینییە نیشتمانپەروەرە لەگەڵ ئەی رەقیب چ جیاوازییەکی هەیە کە دەڵێت: (دینمانە ئاینمانە نیشتمان) لەمەش زیاتر ئەوەیە ئەگەر مەبەست لە (دانەری تۆپی زەمان) پەروەردگارە، ئایا پەروەردگار هیدایەتی نەتەوەیەکی ژێردەست دەدات بۆ سەربەخۆیی، یان ئیرادەی تێکدەشکێنێت؟ ئەمەش بەو مانایە کاتێك شاعیر دەڵێت (نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان)، مانای ئەوەیە خواش هیدایەتی ئەو ئیرادەیە دەدات کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشیت، نەك بۆ مەرامی حزبی و سیاسی و گەڕانەوە بۆ بەڵێی کۆیلایەتی ئەم شیعرە بەرزە کە راستییەك پیشان دەدات، خوا هیدایەتی گەلی زۆرلێکراو دەدات، نەك ئیرادەی بشکێنێت، تەفسیری ناجۆری بۆ بکرێت. ئەم دێڕەی سروودی ئەی رەقیب هەقە لە روانگەی موسڵمانیەتی کوردەوە زۆر بەرز رابگیرێت و شانازی پێوە بکرێت، لەبەر ئەوەی کورد قەناعەتی بەو جۆرەیە (پەروەردگار ئیرادەی ئازادیخواز تێکناشکێنێت و هیدایەتی دەدات).

### مسعود بارزانی و شەڕی داعش و کوردستان، یان نەمان

کاتێك تیرۆریستانی داعش لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ شاری موسڵ-یان گرت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد، تەواوی سنووری باشووری کوردستان بەو ناوچە کوردستانییانەش کە پێی دەگوترا، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بپارێزن. کەواتە ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، چۆن شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشی بەرگری بووە لە ناسنامەی کوردبوون و کوردستانی بوون، بەهەمان شێوە ستراتیژیەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، ستراتیژیەتی بەرگریکردن

**حکومەتی بەریتانیاوە بەســـەر ئەمەریکیەکانی ژێردەستیاندا سەپێندرابوون. تا ئەو ساتەوەختەش ئەمەریکییـــەکان باجیان بۆ پرۆژە مەحەلییەکان دەدا، بەڵام وا لەم باجانەی دواییان دەڕوانی– کە دیارترینیان ڕســـومات و باجی چا بوون– کە بە تەواوەتی ناڕەوان و هیچ پێویست ناکات، بدرێن. لەبەر ئەوە بە بەکارهێنانی بنەماکانی ڕۆشنگەری وەک ئازادی و عەقڵ، ئەمەریکییەکانی ژێردەستی بەریتانیا، ناڕەوابوونی ئەو باجانەیان ڕاگەیاند و دژی سەرکوتکاری وەستانەوە. ئەمەریکییەکانی ئەو کاتە خوازیاری ئـــەوە بوون ببنە خاوەنی حکومەتی خۆیان، حکومەتێک لەســـەر بنەماکانی ڕۆشـــنگەری بنیادنرابێـــت، لە دەرئەنجامدا شـــۆڕش ڕوویدا. چەمکی مافە سروشـــتییەکانی جۆن لۆک، کە دەبوو ســـەرجەم مرۆڤەکان لێی بەهرەمەند بن، لەلایەن سەرکوتکاری بەریتانییەکانەوە پێیشێل کرا، ئیتر پێویست بوو حکومەت کۆدێک دابڕێژرێت کە لەبار بێت بۆ دەستەبەرکردنی مافە سروشتییەکانی هەمووان لە سایەی یاسادا.**

- **سەرچاوە: کاریگەری ڕۆشنگەری لەسەر پێکهاتنی ئەمەریکا**
- **نووسینی: نیکۆڵ سمیس.**

بووە لە کوردســـتان، بۆیە بڕیاری بەرگریکردنیدا نەك هێرش کـــردن، بەڵام کە لە شـــەوی ٢ی ئابی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش بڕیاری داگیرکردنی کوردستان و کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی کورد و کوردستانییەکانیان راگەیاند، سەرۆك مسعود بارزانی بەبێ ئەوەی بپرسێت ئیمکانییەتمـــان چەندە و بەبێ ئـــەوەی راوێژ بە هیچ دەوڵەت و لایەك بکات، بڕیاری شـــەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعشـــی لە ژێر دروشمی شەڕی مـــان و نەمان و (کوردســـتان، یان نەمـــان)ی دا. ئەم بڕیارەی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ژێر دروشمی کوردســـتان، یان نەمان، جارێکی دیکە سروودی ئەی رەقیبی لە ناخی هەموو تاکێکی کوردستاندا چڕییەوە، چونکە داگیرکارێکی تیرۆریســـتی وەك داعش، هێرش دەکاتە سەرمان و دەیەوێت بە ناوی عرووبەی ئیسلامەوە مامەڵەی غەیرە عەرەبمان لەگەڵ بکات، لەبەر ئەوەی زۆر جار لە مێژوودا، بە ناوی ئیسلامەوە، غەیرە عەرەب بە کافر و بێ باوەڕ دانراون و کۆمەڵکوژکران و خاکەکەیان داگیرکراوە و پاشانیش تەعریب کراون، وەك ئەو نەتەوانەی لە باکووری ئەفریقیا دەژیان، بەتایبەتی ئەمازیغییەکان و قیبتییەکانی میســـر، ســـەبارەت بەم لایەنە محەمەد حەسەنێن هەیکەل سەرســـوڕمانی خۆی پیشاندەدا کە فارس نەبۆتە عەرەب، ئەو راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، نەتەوەکانـــی باکووری ئەفریقیا لەگـــەڵ بەناو بوون بە ئیسلامیان، بە عەرەبیش کراون، دیارە داعشیش هەمان ئەو رێچکەیە پیادە دەکات و دەیەوێت بەناوی ئیسلامەوە نەتەوەیەکی وەك کورد و کوردستانییەکان داگیربکات و پاشـــان کۆمەڵکوژیان بکات، بۆیە لە بەرامبەر داعش جارێکـــی دیکە ئەی رەقیب و کوردســـتان، یان نەمان، بوونـــەوە دوو جمك بۆ رزگارکردنەوەی ئەو خاکەی پێی پیسی داعشەکان گڵاویان کردبوو. هەروەها بوونەوە ئەو جمکەی راشکاوانە بە هەموو جیهان بڵێن: (کوردستان، یان نەمان، کوردســـتان ئایینمانە و خـــواش هیدایەتی ئیـــرادەی خێرمان دەدات و ئەم ئیرادەیە ســـەردەکەوێت و تێکناشـــکێت)، ئەم بڕوابوونەی ســـەرۆك مســـعود بارزانی بە ئیرادەی خەڵکی کوردســـتان و بە دروشـــمە بەرزەکەی ئەیلوول و بە وشـــەکانی نێو ســـروودی ئەی رەقیب، ئاکامەکەی ئەوەیە کـــە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســـتان بۆتە ئەمری واقیع، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو جیهان گوێ لەو قســـانە بگرن کە لە سەر زاری سەرۆکی کوردســـتانەوە گوێیان لێدەبێت، ئەو قسانەش ئەوەن (کوردستان یان نەمان، واتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەی رەقیب واتە پیشاندانی ئیرادەی خێری کوردستانییەکان کە تاجی دەوڵەتی کوردستان بە خوێن دەنەخشێنن).

ئێســـتا کە کاتی ئەوەیە هەموومان لە ژێر دروشـــمی کوردستان، یان نەمان و سروودی ئەی رەقیب، هەنگاوبۆ ئایندە هەڵبگرین، زۆر باشـــە خۆمان لە ملکەچی بۆ هەموو ئیرادەیەکـــی دەرەکی بهێنینە دەرێ و بەهەموو لایەك بڵێین: نەخێر کورد و کوردســـتانییەکان چیتر بێ دەوڵەت نابن و کوردســـتانییەکان تەنیا ملکەچی یەك ئیرادە دەبن، ئەویش ئیرادەی خێری خۆیانە و نوێنەری ئەو ئیرادە خێرەش سەرۆك مسعود بارزانی-یە.

**ئێستا کە کاتی ئەوەیە هەموومان لە ژێر دروشمی کوردستان، یان نەمان و سروودی ئەی رەقیب، هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبگرین، زۆر باشە خۆمان لە ملکەچی بۆ هەموو ئیرادەیەکی دەرەکی بهێنینە دەرێ و بەهەموو لایەک بڵێین: نەخێر کورد و کوردستانییەکان چیتر بێ دەوڵەت نابن و کوردستانییەکان تەنیا ملکەچی یەک ئیرادە دەبن، ئەویش ئیرادەی خێری خۆیانە و نوێنەری ئەو ئیرادە خێرەش سەرۆک مسعود بارزانی-یە.**



ئەلیخاندرۆ ڤیلاسکۆ ئوستادی مێژووی هاوچەرخی وڵاتانی ئەمریکای لاتینە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتوور دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە لە زانکۆی بۆستن. بۆ قسەکردن لە ساتەوەختی هەڵگیرسانی شۆڕش و ئەو ئاکامانەی شۆڕش لە بواری ئازادی و نوێگەرایی لە قۆناخی رزگاریی نیشتمانی بەدەستی دەهێنێت و نەتەوە دەباتە قۆناخێکی نوێی بیرکردنەوە و ژیانێکی ئازاد، ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ڤیلاسکۆ ئەنجام دا و بەمجۆرە راو سەرنجەکانی بۆ گوڵان دەربڕی.

### ئەلیخاندرۆ ڤێلاسکۆ

### تایبەتمەند لە شۆڕشەکانی ئەمریکای لاتین بۆ گوڵان:

# تایبەتمەندیی شۆڕش ئەو ئازادییەیە کە نەتوانراوە پێشتر بیری لێ بکرێتەوە و نوێگەرییە لە تێگەیشتن لەو ساتە جیاوازەی هاتۆتە ئاراوە

*** لە مێژووی نەتەوەکاندا شۆڕش لە بارودۆخی تایبەتدا ڕوودەدات، زۆرجار کاتێك کە لەلایەن خەڵکەوە بێئومێدی و نارەزاییەکی زۆر دەبێت و لە رووی رۆشنبیری و سۆزدارییەوە پڕ دەبن، چیتر ناتوانن لەگەڵ باری ئێستادا هەڵبکەن، کەواتە چ فەلسەفەیەك لەم حاڵەتە هەستیارەدا بەرهەم دێت؟**

- هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە چەند بارودۆخێکی دیاریکراو دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش، بەڵام هەرگیز ناتواندرێت شۆڕشەکان پێشبینی بکرێن. هەر ئەوەش نا، بەڵکو سیاقە ناوخۆیی و نیشتمانی و جیۆپۆلیتکی و ئابووری و کەلتوورییەکان و.. تاد، نەك هەر کڵپەی شۆڕشەکە، بەڵکو پەرەسەندنی شۆڕشەکەش پێکدێنن، بە شێوەیەك تەنانەت ئەگەر ئەو هەلومەرجانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشێك زۆر لەیەکیش بچن، بەڵام هەر ناتوانین بڵێین ڕێڕەوی ئەو شۆڕشە دەبێت بە چی و چ «فەلسەفەیەك» لێوەی سەرهەڵدەدات. هەروەك ئاماژەت پێداوە، کۆمەڵە بارودۆخێکە کە زۆر هەستیارە. هەروەها هەر ئەوە نییە کە ئەم چرکەساتانە زۆر هەستیارن، بەڵکو زۆر دژبەیەکیشن و بەو لایەنە کێبڕکێکەرانەی کە لە چرکەساتەکانی دابڕان و کرانەوەدا دەردەکەون و دواجار بە تەنیا تایبەتمەندی دیاریکراوی شۆڕشەکان دەناسرێنەوە. فەیلەسوفی ئەڵمانی هانا ئارێندت لە کتێبەکەیدا بە ناوی «لەبارەی شۆڕشەوە» جوانی بۆ چووە، کاتێك هۆشداری داوە کە پێویست نییە هەوڵبدەین پێناسەی شۆڕشەکان بە چەند ناوەڕۆکێکی دیاریکراو، یان ئایدیۆلۆژیا و دەرئەنجامێك بکەین، بەڵکو لە بری ئەوە پێویستە بەوە ڕازی بین تەنیا تایبەتمەندی کە ڕووداوە سیاسییەکانی وەك شۆڕشی پێدەناسرێتەوە «ئازادی» و «نوێگەری» یە، لێرەشدا ئازادی بەمانا یاعقوبی و شۆڕشگێڕییە فەرەنسییەکەی نا، بەڵکو وەك توانایەك بۆ بیرکردنەوە و وێناکردنی ئەو شتانەی کە پێشتر نەتوانراوە بیری لێبکرێتەوە و پاشان نوێگەری لە تێگەیشتن لەو چرکەساتە کە بە تەواوی نوێ و جیاوازە لە هەر شتێك کە لە پێشتریدا هەبووە. بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە «ئازادی» وەك تایبەتمەندیی سەرەکیی شۆڕش قبووڵ کەین، ئەوا دەبێت ئەوەشمان قبووڵ بێت کە ئەو ئازادییە زۆر گوزارشت و بۆچوون لەخۆ دەگرێت لەبارەی ئەوەی چۆن کۆمەڵگە لەم چرکەساتی تەواوکرانەوەی چەمکییەدا کە هەندێکیان دژ بەیەکن، پێویستە بکرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە ناتوانین لە ڕووی دەرئەنجامەکانەوە لە سەر شۆڕشەکان بدوێین، بەڵکو دەبێت لە ڕووی کردارییەوە قسەی لەسەر بکەین.

*** شۆڕشی فەرەنسا کاریگەری گەورەی لەسەر جیهان هەبوو، ئاسەوارەکانیشی هەر بە نەتەوەی فەرەنسییەوە نەوەستا، بەڵکو بووە شۆڕشی سەرجەم مرۆڤایەتی. بۆچی سەرتاپای جیهان پیشوازیان لێکرد و لەخۆیان گرت؟**

- حاڵەتەکە وا نییە کە سەرجەم جیهان پێشوازی لێکردبێت. بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین کە نوخبە سیاسی و ئەرستۆکراتەکانی بەریتانیا بە بایەخێکی زۆرەوە سەیری ئەو هەستە دەرچووەیان لە فەرەنسا دەکرد و هەوڵیان دەدا کە ڕێ لەو ڕووداوانە بگرن لە بەریتانیا ڕوو بدەن. وتارە بەناوبانگەکەی ئیدمۆند بێرك لە بارەی مەترسییەکانی شۆڕشی فەرەنسی بووە بەردی بناغەی پارێزگارە هاوچەرخەکان کە ئاماژە بەوە دەدات شۆڕش و کاردانەوەکانی پێوەندییەکی دیالێکتیکی هاوبەشیان هەیە. ئەمە لە ڕووی ناوخۆیشەوە ڕاستە، واتە، هەستە شۆڕشگێڕییەکان دەبێتە هۆی دەرکردنی هەستە دژەشۆڕشگێڕیەکانیش، هەروەك ئارنۆ مایەر لە بارەی تیرۆری فەرەنسی و پاکتاوی سۆڤیەتییەوە نووسیویەتی کە ئەو شەپۆلە دژبەیەکانە بەرەو لەناوبردنی یەك دەجووڵێن لە هەوڵیاندا بۆ هەژموون و کۆنترۆڵی دوای شۆڕش، لێرەشەوە دەتوانن گوتاری دواییان لە بارەی ئەوەی چی بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش یەکەمجار بسەپێنن. پاشان ڕێگەیەك هەیە کە شۆڕشی فەرەنسی پێیدا ڕۆی بۆ دامرکانەوەی تەنانەت گوزارشتە یاعقوبییەکانی ئیلهامی شۆڕشگێڕی لە شوێنانی دی لە جیهاندا، هەروەك لە هایتی-دا کە سی ئێل ئار جەیمس زۆر بە جوانی لەبارەیەوە نووسیویەتی، کاتێك کۆیلەکان کە تاڕادەیەك بە بانگەشەکانی شۆڕشی فەرەنسی کاریان تێکرابوو، ڕاپەڕین و پاش ئەوەی کە بەسەر خاوەنەکانی خۆیاندا سەرکەوتن، تەنیا بۆ ئەوەی بەدەست هێزەکانی ناپلیۆنەوە ئازار بچێژن. بە دڵنیایەوە پاش چەندین سەدە دەڵێین شۆڕشی فەرەنسی -ئازادی و یەکسانی و برایەتی- لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی گشتی بووە هۆی «سەردەمی شۆڕش». بەپێی ئیریك هۆبسباوم، نەتەوەی تر ئیلهامیان لەو پرانسیپانە وەرگرتووە، هەرچەندە بەسەر شێوازی دژبەیەك و ناچوونیەکدا جێبەجێیان کردووە (لە وڵاتە یەککگرتووەکان بە پاراستنی کۆیلەداری و لە هەردوو ئەمریکاکەش پاش سەربەخۆیی لە ئیسپانیا بە پاراستنی حوکمی ئەرستۆکراسی و.. تاد). بەڵام بەهەرحاڵ لەڕاستیدا پرۆسەکە بەردەوام و گەردوونییە وەك ئەوەی بیری لێدەکەینەوە. تەنیا ئەگەر لە شۆڕشی فەرەنسی وەك شۆڕشی ئایدیاکان تێبگەین و لە وەی لە ڕووی پراکتیکییەوە هێناویەتی بێنینە خوار، ئەوکاتە دەتوانین باسی کاریگەرییەکەی بە گەورەیی بکەین.

*** ئەگەر سەیری شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی بکەین، دەبینین کە لەگەڵ ڕێنیسانس لە ئەورووپا دەستی پێکرد، ئەو شۆڕشە پێشبینی دەکرا کە زووتر لە ئەورووپا ڕوویدات، بەڵام جارڕدانی سەربەخۆیی کاردانەوەی ڕێنیسانسی ئەوروپی بوو، کەواتە بۆ شۆڕشی ئەمریکی پێشتر ڕووی دا؟**

**وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەمڕۆدا هەموو پێوانەکانی ئۆلیگارشی تێدایە و چیتر ناتوانرێت وەک دیموکراسی حیساب بکرێت، لەگەڵ بوونی ئاستێک لە نایەکسانی کە نزیک بووەتەوە لە وەی پێی دەوترێت جیهانی تازەپێگەیشتوو، هیچ نیشانەیەکی وەستانیش بەدیناکرێت**

**درزی گەورە لە تەلاری سیستەمگەلی دەوڵەتیی ڕۆژئاوادا دەبینین کە ڕەگی داکوتاوە لە هەردوو کۆڵەکەی سەرمایەداری و لیبراڵ دیموکراسیدا**

**شۆڕش بۆ ئەوەی بەڕاستی شۆڕش بێت، دەبێت کراوە بێت بۆ زۆر بۆچوونی جیاواز و دژبەیەک لە پاش شۆڕش لە داهاتوودا. هەمیشە ئەو دژبەیەکانە دێتە پێشەوە بەتایبەتی ئەگەر بەسترابن بە کێبەرکێ لە پێناو سەرچاوەکاندا**

- بەشێکی ئەمە بەهۆی دوورییەوە بوو— یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە جاڕی سەربەخۆیی لە ژێر بنەما گەردوونی و روون و دژەپادشایی و دژە ئەرستۆکراتییەکانی یەکسانی بدەیت، کاتێك ئەوەی لە دژی رەخنە دەگریت، زەریایەك دوورە لێتەوە. یەکێکی تر ئەوەیە کە داوای کۆتایی هێنان بە پادشایی بکەیت، رێك لە بەردەم تەلاری پادشادا. هەروەها لەبەر ئەوەش بوو کە پاشای ئینگلیز جۆرج تەواو لوتبەرز و خاو دەرکەوت لە بارەی ئەگەری ئەوەی کە کۆلۆنیالنشینە سپی پێستە ئەمریکییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنابێ، بە زۆریش لەبەر بەهێزیی سوپای زەمینی و ئاوی بەریتانیا لەو کاتەدا و پاشانیش بە دڵنیاییەوە لەبەر ئەوەی پێشینەیان نەبوو، بۆیە بە ڕاستی نەیتوانی ئەگەرەکە بێنێتە بەرچاو. ئەمەش واتە لە ڕاستیدا سەرەتا بە توندی و زۆردارانە وەڵامی داواکارییە کەمەکانی کۆلۆنیالنشینە سپی پێستەکان بۆ نوێنەرایەتی لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا دایەوە. کاتێك جۆرج سەلماندی کە نەك هەر تەنیا ئامادە نییە بۆ داواکارییەکانیان، بەڵکو بە توندترین شێوە وەڵامی دانەوە، بۆیە ئەمە وایکرد تەنانەت کۆلۆنیالنشینەکانی تریش کە جارێ خۆیان یەکلایی نەکردبووەوە، یەکبگرن لەپێناو داوای خۆبەڕێوەبردندا. شتێکی تر کە دەبێت باس بکرێت ئەوەیە، سەرەڕای بەڵگە و ئاماژەکان بەو ئازادی و یەکسانییەی کە لە کۆلۆنینشینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە رووی کردارییەوە ئەوەی دواجار بە دوایەوە بوون، گۆڕانی تەواو نەبوو لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو تەنیا گۆڕان بوو لەوەی کێ حوکمی ئەو کۆمەڵگەیانە بکات کە دروستیان کردووە، کە ئەمەش لە جەوهەردا، کۆمەڵگەی کۆیلەیەتی بوو. هەروەها دەیانویست حوکم بکەن، نەك دوور لە پادشا. بۆیە ئەمە روویدا لە شۆڕشی فەرەنسیدا، ئەوە گرنگە کە ئایدیا و کردارەکانی شۆڕشی ئەمریکی تێکەڵ نەکەین.

*** پاش سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی، بنەما و فەلسەفەی شۆڕش بە زۆری لکێنرا بە گەشەی سەرمایەدارییەوە، بەڵام شۆڕشەکە لە ڕۆژئاوا بەدینەهات و لە بری ئەوە لە جیهانی سێیەمدا روویدا، بۆچی شۆڕشی چینی کرێکار لە ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا پاش شۆڕشی پیشەسازی رووی نەدا؟**

- زۆر دڵنیا نیم لەو کاتەی باست کردووە. ئایا مەبەستت ئەوەیە کە شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەوروپا نەبووە هۆی شۆڕشی کرێکاری (سۆشیالیستی)، بەڵام شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی بیستەم لە ئەمریکای لاتین و ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا بووە هۆی شۆڕشە کرێکارییەکان؟ ئەگەر وابێت، دڵنیا نیم ئەو زنجیرە هۆکارانە تەواو ڕاستەوخۆیە لەگەڵ ئەوەی پرسیارەکە داوای دەکات. یان لەوانەیە شۆڕش و سەربەخۆیی و شۆڕشی سۆشیالیستیت تێکەڵ کردبێت. شۆڕشی کۆماریمان هەیە (وەك شۆڕشی فەرەنسا)، یان شۆڕشی کۆماری و سەربەخۆیمان هەیە (وەك لە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەردوو ئەمریکادا و پاشان لە سەدەی بیستەمدا لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا)، پاشان شۆڕشی سۆشیالیستیمان هەیە (وەك لە رووسیا و بەشەکانی تری باشووری جیهان). بەڵام ئەوە گرنگە کە بزانن ئاماژە بە کامیان دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا لە چەند حاڵەتێکی زۆر کەمدا شۆڕشی پیشەسازی بووەتە ئامرازی بزوێنەری شۆڕشی سۆشیالیستی. زۆر جار، شۆڕشی سۆشیالیستی پێش شۆڕشی پیشەسازی کەوتووە، واتە بووەتە بزوێنەری شۆڕشی پیشەسازی (بۆ نموونە وەك گواتیمالا، کوبا، هیندستان، زۆر لە دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئەفریقای پاش ئیستیعمار). واتە لە هەندێك شوێندا (وەك بەرازیل و ئەرجەنتین و چیلی لە ساڵانی سییەکان تا شەستەکان)، ئەوە ڕاستە کە شۆڕشی پیشەسازی هەلومەرجی شۆڕشی سۆشیالیستی دروست کردووە، بەڵام تۆمارەکان کورتن و قورسە کە گشتگیر بکرێت. ئەگەر پرسیارەکەت ئەوەیە بۆچی دەبینین زیاتر بزووتنەوەی جەماوەری دەچنە دەسەڵاتەوە لە باشووری جیهان، ئەوا پێموایە وەڵامەکە جیاوازە لە پرسیاری شۆڕشی پیشەسازی. ئەمە زیاتر پێوەندی بە سیستەمی کۆلۆنی و ئەو چەوساندنەوەیەوە هەیە کە پێویستە بۆ مانەوەی. بۆیە لێرەدا بە دڵنیاییەوە کاریگەری بەربڵاوی گوتاری شۆڕشگێری سەردەمی رۆشنگەری بزوێنەرێکی بەهێزە، بەتایبەتی کە تۆڕەکانی پێوەندی بەرەوپێش چووە، هەروەها ئاڵۆزتر بووە لە سەدەی بیستەمدا، ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوە و دابەشکردنی خێراتری هەواڵ و زانیاری لە بارەی نەتەوەکان و بەشەکانی دیکە جیهان. بیرۆکەی حوکمی زاتی (کە نیشانەیەکی دیاری شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەهەمە) بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی حوکمی کرێکار (کە نیشانەیەکی دیاری شۆڕشە سۆشیالیستیەکانی سەدەی بیستەمە)، بەتایبەتی لە سیاقە کۆلۆنیالییەکاندا کە یەکەمیانی نکۆڵی کردووە و لەبەر لۆژیکی ئابووری کۆلۆنیالی کە پشت دەبەستێت بە نایەکسانی و جیاوازی زۆر. بەو ڕادەیەی کە ئەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا رووی نەداوە، لەبەر ئەوەیە کە لەم دوو شوێنەدا بزووتنەوە جەماوەرییەکان مافی دەنگدان و نوێنەرایەتییان لە حکومەتدا فراوان کردووە و پاڵیان بە نوخبە سیاسی و ئابوورییەکانەوە ناوە کە لەسەرخۆ بکرێنەوە و دەمەوانەی (valve) دەرچوونیان بۆ دروست کردوون. بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا سەردەمی چاکسازییەکانی جاکسۆن لە ساڵانی ١٨٢٠ و ١٩٣٠ و پاشانیش جەنگی ناوخۆیی و دوایش چاکسازییەکانی سەردەمی پێشکەوتن لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا و پاشان مامەڵە نوێیەکەی

**ئەگەر نوخبە سیاسی و ئابوورییەکان یاخی بن و پاشان دەمەوانە فشارییەکە داخەن، ئەوا تەقینەوە روو دەدات**

**کاریگەری بەربڵاوی گوتاری شۆڕشگێری سەردەمی رۆشنگەری بزوێنەرێکی بەهێزە، بەتایبەتی کە تۆڕەکانی پێوەندی بەرەوپێش چووە و هەروەها ئاڵۆزتر بووە لە سەدەی بیستەمدا، ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوە و دابەشکردنی خێراتری هەواڵ و زانیاری لە بارەی نەتەوەکان و بەشەکانی دیکە جیهان**

**تەنیا لە چەند حاڵەتێکی زۆر کەمدا شۆڕشی پیشەسازی بووەتە ئامرازی بزوێنەری شۆڕشی سۆشیالیستی. زۆر جار، شۆڕشی سۆشیالیستی پێش شۆڕشی پیشەسازی کەوتووە، واتە بووەتە بزوێنەری شۆڕشی پیشەسازی**

**ناتوانین لە رووی دەرئەنجامەکانەوە لە سەر شۆڕشەکان بدوێین، بەڵکو دەبێت لە رووی کردارییەوە قسەی لەسەر بکەین**



١٩٣٠ یەكان ( the New Deal of the 1930s) و كۆمەڵگەی مەزنی ١٩٦٠ ـــەكان (the Great Society of the 1960s). بـــەڵام لەو كاتـــەوە بزووتنەوەیەكمان نەدیوە بە ئاڕاســـتەی جەماوەردا بەهەمان ئەندازەی ئەوەكانی پێشـــووتر. لەوانەشە لەســـەر لێواری دانەیەكدا بین. یان ئەگەر نوخبە سیاسی و ئابوورییەكان یاخی بن و پاشان دەمەوانە فشارییەكە داخەن، ئەوا تەقینەوە روو دەدات.

*** هەندێك لە نەتەوەكان بە ڕزگاریی نیشتمانی بە شۆڕش گەیشـــتوون و هەروەها ریشەكێشـــكردنی ئیستعماریش بە شۆڕش هاتووەتە دی. ئەگەر گرووپێكی نەتەوەیی ئازادییان لێ زەوت بكرێت و بچەوسێندرێنەوە، تا چ ڕادەیەك خاكێكی بەپیت دەبێت بۆ شۆڕش؟**


- ئەمە تاڕادەیەك لە وەڵامی پرســـیاری یەكەم و دووەمدا نووســـیومە. شـــۆڕش بۆ ئەوەی بەڕاســـتی شۆڕش بێت، دەبێـــت كراوە بێت بۆ زۆر بۆچوونـــی جیاواز و دژبەیەك لە پاش شـــۆڕش لە داهاتوودا. هەمیشە ئەو دژبەیەكانە دێتە پێشـــەوە بەتایبەتی ئەگەر بەســـترابن بە كێبەركێ لە پێناو سەرچاوەكاندا. بۆیە بەلانی كەمەوە ئەگەر مێژوو وەك ڕێبەر سەیر كەین، ئەوە نییە «ئاخۆ» زەمینەیەكی نوێ هەیە بۆ شـــۆڕش، بەڵكو «كەی» ئەم زەمینەیە دەبێت، لەبەرئەوەی هەموو شۆڕشـــەكان واتە چەوســـاندنەوەی ئەوانەی كە یان لێدەدرێن بۆ ئەوەی ئیمتیازاتەكانیان لەدەست بچێت كە پێشتر بوویانـــە، یان ئەوانەی كە لەگـــەڵ بۆچوونی دەركەوتووی بەهەژموونی شۆڕشـــدا هاوڕا نین. لێرەشەوە پرسیارەكە بە شـــێوەیەك دەمانبات بۆ: گرووپێك ئازادی لێ زەوتكراوە و چەوســـێندراوەتەوە، بەدڵنیایەوە، هەلومەرج ئامادە دەكات بۆ شۆڕش.

*** هەستێك هەیە كە سیستەمی دەوڵەتیی جیهانی ڕۆژئاوا ناتوانێـــت پێویســـتییەكانی هاونیشـــتمانیان دابین بكات، پێتوا نییە كە بارودۆخی ئێســـتا پێویســـتی بە شۆڕشێكی نوێیە بۆ ئەوەی وا لە دەوڵـــەت بكات زیاتر وەڵامدەرەوەی پێویستییەكانی خەڵك بێت؟**

- بەدڵنیایـــەوە درزی گەورە لە تەلاری سیســـتەمگەلی دەوڵەتیـــی ڕۆژئـــاوادا دەبینیـــن كە ڕەگـــی داكوتاوە لە هەردوو كۆڵەكەی ســـەرمایەداری و لیبراڵ دیموكراسیدا. بە ڕادەیەك لیبراڵ دیموكراسی زیاتر و زیاتر وەك پاشكۆی سیاســـی بەرژەوەندییە ســـەرمایەكانی كە زیاتر لە هەموو شـــتێك جەختی لێكراوەتەوە دەبینین، نەك وەك سیستەمی نوێنەرایەتـــی حكومەت كـــە تیایدا خەڵك بە یەكســـانی ئامادەن و دەبیندرێن، بۆیە بەدڵنیایەوە پاشەكشـــەی زیاتر دەبینین بەنســـبەت ئەوانەی كە بە شێوەیەكی دامەزراوەیی شـــوێنێكیان نییە گوزارشت لە ســـكاڵاكانیان تێدا بكەن، واتە لە ڕێی كەناڵە دامەزراوەكانی لیبراڵ دیموكراسییەوە. توێژینەوەیەكـــی نوێ لە زانكۆی پرینســـتۆن دەریدەخات كە وڵاتـــە یەكگرتووەكان لە ئەمـــڕۆدا هەموو پێوانەكانی ئۆلیگارشـــی تێدایە و چیتر ناتوانرێت وەك دیموكراســـی حیســـاب بكرێت، لەگەڵ بوونی ئاستێك لە نایەكسانی كە نزیك بووەتەوە لە وەی پێی دەوترێت جیهانی تازەپێگەیشتوو، هیچ نیشـــانەیەكی وەســـتانیش بەدیناكرێت. لەم كەشەدا بەدڵنیایەوە خەڵك پرســـیاری ئەوە دەكات ئاخۆ ئەو دەوڵەتە دیموكراســـییانەی لە ســـایەیدا دەژین هیچ شـــتێكی لەو جۆرەی هەیە، یان بە شـــێوەیەك گەندەڵ بوون، كە پێویست بە بناغەی تر دەكات، ئەم بناغە نوێیەش بەدڵنیایەوە ئەوەیە كە پێی دەڵێین: شۆڕش.

**سەرەڕای بەڵگە و ئاماژەكان بەو ئازادی و یەكسانییەی كە لە كۆلۆنینشینەكانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە رووی كردارییەوە ئەوەی دواجار بە دوایەوە بوون، گۆڕانی تەواو نەبوو لە كۆمەڵگەدا، بەڵكو تەنیا گۆڕان بوو لەوەی كێ حوكمی ئەو كۆمەڵگەیانە بكات كە دروستیان كردووە**

# شۆڕشی سەروەری



زیرەک کەمال

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

نیوەشەوێکی تاریکی مانگی نیسانی ١٩٧٤ باوکم (کەمال بەگ) کە ئەو کات فەرماندەی لقی خۆشناوەتی شۆڕشی ئەیلوول بوو، خۆی و پۆلێك پێشمەرگە بە پڕتاو هاتەوە ماڵ و بە دایکمی ڕاگەیاند کە خۆتان و منداڵەکانتان کۆ بکەنەوە و بەرەبەیانی سبەینێ ڕووەو ئێران بەڕێتان دەکەم، چونکە من لە شەڕدام و ئیدی ناتوانم نە بەرگری لە ئێوە بکەم و نە لە رووی ئیدارەدان و سەرپەرشتی کردنتان بەرپرسی ئێوە بم، چونکە هێزەکانی رژێمی بەعس هێرشی فراوانیان لە هەموو قۆڵەکانەوە بۆ سەر کوردستان دەست پێکردووە و لە هەموو قۆڵەکاندا شەڕی دەستەویەخەیە. تاریك و روونی بەیانی، بەر لەوەی خۆر لە دەم کەلی چیای شیشار رووناکی خۆی بە سەر دۆلی بالیساندا بڵاوبکاتەوە، دایکم و سەرجەم خوشك و براکانم بە سەر پشتی وڵاخەوە لە خۆشناوەتییەوە رووەو قەڵادزێ بە رێکەوتین. لەوێ بەرەو بەردەپانی ئەو دیوی ئێران و دواتریش کانی سپی و ئینجا زێوە و سەرەنجامیش لە ئۆردوگای (سەر ئابلە) لەگەڵ دەیان هەزار کەسی تری ئاوارە نیشتەجێ بووین. بە درێژایی ئەو مێژووەی کە لە ئێران، سەرزەمینی ئاوارەیی و غوربەتی وەکو پەناهەندە و غەریبە دەژیان، باوکم تەنها یەکجار سەردانی کردین، لەو سەردانەشدا کە ماوەی یەك شەو لامان مایەوە، نە من (زیرەك کەمال)، نە خوشك و برا بچووکەکانمی نەناسییەوە، ئەو کات من تەمەنم حەوت ساڵ بوو، ئێستا کە ئەو چەند دێڕە دەنووسم تەمەنم (٤٩) ساڵە و (٤٢) ساڵ بە سەر تەمەنی من و (٤٠) ساڵیش بە سەر نسکۆی ئەو شۆڕشەدا تێپەڕ بووە. راستە من کۆمەڵێك نیشانەی پیریم لێ بەدیار کەوتوون و خەریکە وردە وردە پەڕەکانی تەمەنم دەورەن، بەڵام یاد و یادەوەری و رووداو و حیکایەت و سەروەرییەکانی ئەوسای منداڵیم، ئەیلوولیان لەسەر لاپەڕەکانی یادنامە و مێژووم وەکو شۆڕشێکی گەورەی کاریگەر بە زیندوویی هێشتۆتەوە، شۆڕشی ئەیلوول بە یەکێك لە شۆڕشە گەورەکانی مێژووی سیاسی و خەباتگێڕی گەلی کوردستان دێتە ئەژماردن، گەورەیی و کاریگەریی ئەو شۆڕشە لە سەر بەرەوپێشچوونی دۆز و مەسەلەی رەوای گەلەکەمان شایانی ستایش و رێزلێنانە، بەڵام بیریشمان نەچێت شۆڕشی ئەیلوول کە زوڵمێکی گەورەی لە مێژوودا لێکراوە، چ ئەوانەی سەرلەبەر و تەواوی ئەو شۆڕشە بەبێ هەڵە و شایانی رەخنە لێ گرتن پێناسە دەکەن و چ ئەوانەشی بەو پەڕی نابەرپرسیارێتی هێلێکی راست و چەپی سڕینەوە بە سەر شۆڕشی ئەیلوولدا دەهێنن.

ئەیلوول پێویستە بەردەوام یاد بکرێتەوە. دەڵێن رابردووی جوان و پرشنگدار چەندە رووداو و حیکایەتەکانی زیندوو گەورەن، ئەگەر بەردەوام یاد نەکرێنەوە، لەسەر تابلۆی یادەوەری و لاپەڕەکانی مێژوودا دەبنە ئەفسانە. شۆڕشی ئەیلوول بە بەرزکردنەوەی (دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) نەك هەر شۆڕشێکی کوردستان،



بەڵکو وەکو شۆڕشـێکی عێراقیش خۆی بەرجەستە و مانیفێست کردبوو، ئامانجەکانی گوتاری سیاسی ستراتیژی بیرکردنەوە و کارنامە سیاسییەکەی وای کردبوو ببێتە مایەی هیوا و ئومێد بۆ سەرجەم گەلانی عێراق، هەر قورسایی سیاسی و مەعنەوی ئەو شۆڕشە وای کردبوو، کە حزبی شیوعی عێراق وەکو گەورەترین حزبی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەشداری ئەو شۆڕشە بکات و بە هێزێکی پێشمەرگەی گەورە و لە چەندین داستانی بەرگری و نەبەردیدا لەو شۆڕشەدا سەروەریی بنوێنێت. سەرجەم ئەدیبان و رۆشنبیرانی کوردستان چەپ و دیموکراسیخوازی عێراق و کوردستان چ راستەوخۆ بێت، چ بە نهێنی لە ئەیلوولدا بەشدارییان کرد. لەژێر گوشار و پێداگریی ئەو شۆڕشە حکومەتی عێراق رێککەوتنامەی (١١)ی ئاداری قبوڵکرد، کە یەك لە دەستکەوتەکانی ئەو رێککەوتننامەیە دانپیانانی حکومەتی عێراق بوو بە مافی ئوتۆنۆمی بۆ کوردستان. لە ژێر سایەی ئەو شۆڕشەدا بیر و هوشیاریی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد چووە ئاستێکی باڵا، خەباتی سیاسی گەلەکەمان لە حزبەوە گواسترایەوە بۆ شۆڕشێکی نیشتمانی نەتەوایەتی فراوان، هەزاران رۆژنامە و گۆڤار و کتێب و نامیلکەی کوردی لە ژێر سێبەری ئەیلوولدا بە چاپ گەیەندراون. ئینتمای نەتەوەیی کوردستان لە لۆکاڵییەوە بوو بە ئینتیمایەکی کوردستانی، پێویستە شۆڕشی ئەیلوول بە وردی بخوێنینەوە، لە کوێ هەڵە و کەموکوڕی هەبووە، لە سەر بنەمایەکی زانستی مێژوویی رەخنەی لێ بگرین، لە کوێ شایانی ستایش و ئافەرینە دەستخۆشی لێ بکەین. ئەیلوول مایەی شانازی و سەروەریی میللەتێکە ژێرخانی رابوون و بەردەومیدان بووە بە بەرز راگرتنی ئیرادە و هەستی شۆڕشگێڕی و بگرە لە ئێستاشدا کە خاوەنی دەیان دەستکەوتی نیشتمانی و نەتەوەیین، بەشێکی زۆری ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە بەدی نەهاتووە، شۆڕشی شێخ مەحموود، کۆماری کوردستان، شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ، هەموویان مایەی سەروەری و شانازی مێژووی هەموومانن. رابردووی سیاسی ئێمە نە هەمووی ناشیرینە و نە هەمووی جوانە. بە هەموومان وەکو چۆن خۆمان بە خاوەنی جوانییەکان دەزانین، ئاواش دەبێت خۆمان بە خاوەنی ناشیرینەکانیش بزانین. با زیاتر لەوە «ناشیرینی بیرکردنەوە»، رابردوو ئێستا و داهاتوومان وێران نەکات. تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دژوار و ئاڵۆزە پێویستی بەوەیە بە حیکمەتەوە بیربکەینەوە و لە یەکتری بڕوانین. لە کوردستان بە دەیان تەڵە و کەمین و پلان و مەترسی گەورە تەنراوە، هەڕەشەی جددی لە سەر هەرێمی کوردستان هەیە. با شەهیدانی سەرجەم شۆڕشەکانی کوردستان و ئەنفال و هەڵەبجە رقی دوژمنایەتی یەکتری کردنمان لەبەر دابماڵێت، برادەران ترسم هەیە کوردستان لەسەر لێواری مەترسیی گەورەدایە.

**برایەن هەیس**

**جێگری سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ پێوەندییەکان لە گەڵ عێراق بۆ گوڵان:**

## بەکردنەوەی نووسینگەی یەکێتی ئەورووپا لە کوردستان

# پێوەندییەکانی هەولێر و برۆکسل چووەتە ئاستێکی دیکەوە





**برایەن هەیس یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی ئیرلەندا و لە ساڵی ٢٠١٤ ـەوە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپایە و جێگری سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپایە بۆ پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق، هەروەها پێشتر لە ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ وەزیری دەوڵەت بووە بۆ کاروباری دارایی لە حکومەتی ئیرلەندا، بۆ قسەکردن لەسەر کردنەوەی نووسینگەی یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر و بایەخی کردنەوەی ئەم نووسینگەیە لە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و برۆکسل، ئەم وتووێژە تایبەتەمان لەگەڵ ئەنجامدا و سەبارەت بەم رووداوە گرنگە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لەم دواییانەدا یەکێتی ئەوروپا نووسینگەی پێوەندییەکانی لە شاری هەولێر کردەوە، چۆن پێوەندییەکانی نێوان یەکێتی ئەوروپا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبینی لە کاتێکدا کە کوردستان شەڕی داعش دەکات و ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عێراق و سووریای لەخۆ گرتووە، ئەمەشی لەجیاتی سەرجەم جیهان کردووە، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە بە تەنیا شەڕی کورد نییە، بەڵکو شەڕی جیهانی ئازادە لەگەڵ تیرۆریستاندا؟**

- سەرەتا پێشوازی لە کردنەوەی نووسینگەی پێوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر دەکەم. من جێگری سەرۆکی وەفدی یەکێتی ئەوروپام بۆ پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق و پێموایە ئەمە نیشانەی گرنگیدانە بە کوردستان لە رووی ئەوەی کە لەگەڵ داعشدا لە جەنگدایەوە و بووەتە پەناگەیەك بۆ ئەوانەی بەگشتی لەعێراقدا ئاوارە بوون، بۆیە ئەمەش بۆ یەکێتی ئەوروپا گرنگە کە زیاتر بێتە ناوچەکەوە و بە هەر شێوەیەك بۆی بکرێت، یارمەتی کوردستان و ناوچەکە بدات. من زۆر لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم نووسینگەیە لەگەڵ هەموو دامەزراوەکاندا کار بکات، لەبەر ئەوەی قەیرانێکی مرۆیی نائاسایی هەیە و داواکارییەکی بنەڕەتی هەیە لەلایەن هاووڵاتیانی یەکێتی ئەوروپاوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم قەیرانە، نەك هەر لەبەر قەیرانە مرۆییەکان، بەڵکو لەبەر کاریگەرییە مەترسیدارەکانی وەك ئەوەی لە دەریای ناوەڕاست و ناوچەکانی ترەوە خەڵك هەوڵ دەدەن بگەن بە ئەوروپا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی خەڵك هەوڵ دەدەن لەم ناوچەیە ڕابکەن؟ بۆیە من پێموایە ئەم مەسەلەیە پێوەندییەکی زۆری بەوەوە هەیە کە هەوڵ بدرێت ناوچەکە بخرێتەوە باری ئاسایی لەبەر ئەوەی بارودۆخێکی نالەبارە بۆ هەموو کەسێك.

*** چۆن شاندەکەتان هەوڵ دەدات کە پێوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ـبەغدا- ئاسایی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی چەندین کێشە هەن کە لە ماوەی حوکمی مالیکی و ئێستاش لە ماوەی حوکمی عەبادی هەر بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو کێشە داراییانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پیایدا تێپەڕ دەبێت، لەبەر بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئێوە چۆن پشتیوانی و یارمەتی چارەسەری ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانە دەدەن؟**

- بەدڵنیاییەوە یەکێتی ئەوروپا یارمەتی هەموو ئەو باڵیۆزخانانە دەدات کە دەستێوەردان بکەن لە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. لەم دواییانەشدا لە پەرلەمانی ئەوروپا ئەو ڕاستیەم خستەڕوو کە حکومەتی ناوەندی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێککەوتنێکیان ئیمزا کردووە. بەڵام جێبەجێ نەکراوە، سەرەڕای ئەو قەیرانەی کوردستان بە هۆی پەنابەرانەوە تووشی بووە. ئەم ئاسایی بوونەوەیە دەبێت ڕووبدات لەبەر ئەوەی ئەمە ڕێککەوتنە. ئێستا من داوا لە هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی دەکەم ئیلتیزام بکەن بەو ڕێککەوتنەی کە کراوە بۆ ئەوەی روون بێت کە ڕێککەوتنێك کراوە و ڕێز لەو ڕێککەوتنە بگیرێت کە سەبارەت بە خەرجییەکانە، هیوادارم ئەمە بە

زووترین کات روو بـــدات. رۆڵی یەکێتی ئەورووپا ئەوەیە پشـــتیوانی هەوڵەکان لەســـەر ئـــەرزی واقیع بکات لە رووی مرۆییەوە، هەروەها ببێتە دەنگێ بۆ پێشکەوتن لە ناوچەکەدا و جەخت بکاتەوە کە دەنگەکانمان پشتیوانی لەو خەڵکە ناوخۆییە دەکات کە دەیانەوێت، بە شێوەیەکی دۆستانە کێشە گشتییەکانی عێراق چارەسەر بکرێت لە رووی ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ســـوننە و شـــیعەکان و کوردســـتاندا هەیە. لـــە رووی مێژووییەوە ئەورووپا لە چەندیـــن خەڵکی جیـــاواز پێکهاتووە، هیـــوادارم ببێتە مۆدێلێـــك بۆ بە دامەزراوییکـــردن و مۆدێلێك لە نێوان کوردستان و عێراقدا، لەبەر ئەوەی پێویستمان بە پێوەندی باشە لە نێوان هەموو حکومەتە ناوچەییەکاندا، تا دڵنیا بین کە عێراق و کوردســـتان لـــە داهاتوودا ئەو رۆڵەی یەکێتی ئەورووپایان لەبەر چاوە کە شـــوێن ئەوە کەوتووە و مشـــتومڕی لە بـــارەوە کردووە و لـــەڕووی داراییەوە پشـــتگیری هەوڵە باشـــەکانی کردووە کە دراون لەسەر ئەرزی واقیع.

*** بینیمان کە هێزەکان و سوپا و ئاسایشی عێراق لە بەردەم داعشـــدا توانەوە، بەتایبەتی لە دووەم شـــاری گەورەی عێراقدا لە موسڵ، پاشان دەرکەوت کە گەڕانەوە بۆ باری ئەوســـا مەحاڵە. کەواتە ئەگەر بمانەوێت ئارامیی وڵات بپارێزرێت، شوێن چ تەرتیبێکی دەستووری بکەوین، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە فیدراڵیزم هیچ یەکێك لەو ئامانجانەی بەدینەهێناوە؟**

- پێموا نییە بۆ ئەورووپاییەکان باش بێت، کە بە خەڵکی ناوچەکـــە بڵێن چۆن کاروباری خۆیان رێکخەن. پێموایە عێراق زۆر بە دەســـت ئـــەوەوە ناڵاندوویەتـــی، دەبێت پشـــتگیری لەو رێککەوتنانە بکەین کە پێشتر کراون و وایان لێبکەین بۆ هەموو کێشـــەکان چارەســـەر بن، ئەوە بەرپرســـیاریەتی یەکێتی ئەورووپا نییە بۆ خەڵك دیاری بکات کە تەرتیبە دەستوورییەکانیان چین، پێویستە دڵنیا بین کە رێککەوتنـــەکان هەیە، هەروەها ئەوە مەرجانەی بـــەو رێککەوتنانەوە لکاون و فەرز کـــراوە و چاودێری نێودەوڵەتی هەیە لەســـەریان. پێموا نییە کە ئەمە کاری مـــن، یان یەکێتی ئەورووپا بێت کە دواجار بۆ دەوڵەتێکی دیاری بکات کە تەرتیباتە دەســـتوورییەکانی چی بن. هەموو دەزانین کـــە لە عێراقی مۆدێرنـــدا پێکهاتەی زۆر جیاواز هەیە، هەموو ئەم بەشـــە جیاوازانە پێویستە رێزیـــان لێ بنرێت و دڵنیا بن کە هەموویان بە کۆکی و هاوئاهەنگی پێکەوە دەژین، پێموایە ئەمە دەســـتکەوتی یەکێتی ئەورووپایە و هیواداریشم ئەمانە ببنە دەستکەوتی عێراق و ئیمەش پشتگیرییان دەکەین.

*** رای تۆ لەسەر مەسەلەی ســـەربەخۆیی کوردستان چییە، وەك دەزانی ئێســـتا بووەتـــە بابەتێکی گەرم لە ناوچەکەدا؟**

- وەك دەزانـــی ئەمـــە مەســـەلەیەکی زۆر گرنگە لە کوردســـتان و ناوچەکـــەدا و خەڵـــك دەیەوێت کە ئەمە روووبـــدات. پێم وایە کورد رۆڵێکی زۆر گەورەیان گێڕاوە بۆ ســـەقامگیری ناوچەکـــە و ئازایەتیەکی گەورەیان لەشـــەڕ لەگەڵ داعش پیشـــانداوە، بەڵام دواجار ئەمە مەســـەلەیەکە پەیوەندی بەخەڵکی کوردســـتانەوە هەیە کە بیانەوێت چی بکەن، بەڵام ئێســـتا چەندین قەیرانی تـــری بەپەلە هەیە وەك قەیرانـــی مرۆیی و پەنابەران و ئاوارەکان کە ناوچەکە رووبەڕووی بووەتەوە، بۆیە ئێســـتا بەرپرسیاریەتی سەرەکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوەیە کە رووبەڕووی ئەو قەیرانانە بێتەوە.

*** هەرچەندە لەساڵانی پێشوتردا گەلی کورد رووبەڕووی چەندین هەڵمەتی جینۆساید و نەهامەتی بووەتەوە لەلایەن رژێمی پێشوی عێراقەوە، بەڵام پاش کەوتنی موسڵ و هێرشـــی داعش بۆ ســـەر ئێزیدییەکان لە سنجار، ئەمە جارێکـــی تر دووبارە بووەوە، لـــەم بارەیەوە دەینس هێلی وەزیری بەرگری پێشـــووی بەریتانیا دەڵێت: «هەمیشە بەرپەرچدانەوەی دوژمن ئاســـانترە لـــە دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمان.» بۆیە ئێمەش دەمانەوێت لەڕاستیدا لەلایەن هاوپەیمانەکانمانەوە دڵنیا بکرێینەوە، کەواتە چۆن خەڵکی کوردســـتان لەلایەن یەکێتی ئەورووپـــاوە دڵنیادەکرێتەوە کـــە یارمەتی تەواویان پێدەگات لـــە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان کە دوژمنی هەردوولان؟**

- پێموایـــە یەکێتی ئەورووپا زۆر زیاتر دەکات بۆ ئازایەتی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لـــە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا، پێموایە یەکێتی ئەورووپا دەبێت لە رووی داراییەوە پاڵپشتی بکات لە هەوڵەکان لەسەر زەمین کە لە یارمەتییە مرۆییەکاندا خـــۆی دەبینێتەوە بۆ دابینکردنی ماڵی نوێ بۆ ئـــەو ژمارە زۆرە لـــە پەنابەر و ئـــاوارە کە ئەمەش دەتوانێت لە رێی نووســـینگەی پێوەندییەکانەوە لە هەلێر بکات. سەبارەت بە بارودۆخی سەربازی و ئەوەی کە تۆ وتت لە دوای گۆڕانکارییەکانی موســـڵ، پێموایە دەبێت پاڵپشـــتی ئەو هێزانە بکەین لە ســـەر زەمین بە باشترین شێوە بۆ ئەوەی وڵات بە یەکگرتوویی بهێڵنەوە و باشترین ئەنجام بەدەستبهێنن، پێشـــموایە پرسیاری زۆر هەیە لەو گرووپانەی لەناو سوپای عێراق و هێزەکانی ئاسایشدان لە رووی داواکردنی پاڵپشتی لە یەکێتی ئەورووپاوە.

*** لەکۆتاییدا پەیامت بۆ خەڵکی کوردستان چییە ؟**

- پەیامـــی هاوبەشـــی (solidarity) دەنێرم بۆ خەڵکی کوردســـتان بۆ ئـــەو ئازایەتییـــەی نیشـــانتان داوە لە بەرەنگاری داعشدا.

**کورد رۆڵێکی زۆر گەورەیان گێڕاوە بۆ سەقامگیری ناوچەکە و ئازایەتیەکی گەورەیان لەشەڕ لەگەڵ داعش پیشانداوە**

**بۆ یەکێتی ئەورووپا گرنگە کە زیاتر بێتە ناوچەکەوە و بەهەر شێوەیەک بۆی بکرێت، یارمەتی کوردستان و ناوچەکە بدات**

**لە عێراقی مۆدێرندا پێکهاتەی زۆر جیاواز هەیە، هەموو ئەم بەشە جیاوازانە پێویستە رێزیان لێ بنرێت و دڵنیا بن کە هەموویان بە کۆکی و هاوئاهەنگی پێکەوە دەژین**

# سایکۆلۆژیای هەڵبژاردنی سەرکردە لە ناو کۆمەڵگەدا



یوسف عوسمان حەمەد

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

پرسی هەڵبژاردن پرسێکی نێونەتەوەییە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیی بەردەوام. هەر نەتەوەیەك و وڵاتێك بە شێوازێکی تایبەتمەند گوزارشتی لێ دەکات و ئەو پرۆسەیە پیادە دەکات. بە بۆچوونی سایکۆپۆلەتیك، دیموکراسی و سیاسەتی هەڵبژاردن بەشێکە لە پێکهاتەی سیاسەتی هۆشیاری ئەو نەتەوەیە. بە واتایەکی دیکە هەر نەتەوەیەك بە پێی تایبەتمەندیی سیاسەتی هەنووکەیی دەتوانێت جۆری هەڵبژاردن دیاری بکات، بۆ ئەوەی زۆرترین پێوەری دیموکراسی دەستەبەر بکرێت.

شرۆڤەکارانی سایکۆپۆلتیك باس لەوە دەکەن کە چوار بنەمای سەرەکی هەیە لە ناساندنی دیموکراسی:

یەکەمیان، تایبەتمەندی ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەر شوێن و وڵات و هەرێمێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە پەیڕەوکردنی دیموکراسی و هەڵبژاردنی سەرۆك لە ناو گەل بێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ، یان لە پەرلەمان بێت، دەگەڕێتەوە سەر رێککەوتنی هەموو لایەنەکان. هەڵبژاردنی سەرۆك، چ راستەوخۆ بێت، یان لە پەرلەمان، هەردوو جۆرەکەی یاساییە، چونکە پەرلەمانیش لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کامەیان لەو بارودۆخەی کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت، زیاتر پێوەرەکانی دیموکراسی جێبەجێ دەکات. رەنگە ئەو خاڵە باس لەوە بکات دیموکراسی بەپێی رەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و کەلتووری تایبەتمەندیی خۆی هەبێت، واتە ئەزموون و ستایلی وڵاتێك بەپێی رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو شوێنە کارێکی گواستنەوەی سەقەت و لەبارچوو بێت.

دووەم: بەرپرسیاریەتی کە ئەمەیان کۆڵەگەی ئاڵتوونی پرۆسەی هەڵبژاردنە، بەوەی هەستی بەرپرسیاریەتی لای تاك و بەرپرسە سیاسییەکان ناسنامەی ئینتمابوون دەردەخات، لەم خاڵەدا شرۆڤەکارانی سایکۆپۆلەتیك ئەوە دەردەخەن، پێویستە بەرژەوەندییەکانی تاك و گرووپەکان وەلا بنرێت و جەخت لەسەر ستراتیژیەتی نیشتمانی بکرێت کە هەموومان لە بەرامبەر نیشتمان بەرپرسیارین. دەبێت ئەم قۆناغە بە قاڵبی یاسایی بکەین، بۆ ئەوەی لە قەیرانەکانیش ئینتیما دروست بکەینەوە. سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆك، دەبێت ئیرادەی گەل و ستراتیژیەتی نیشتمانی بڕیار بدەن کە ئەو کەسە شایستەی بەرپرسیاریەتییە.

سێیەمیان: دادپەروەری لە دابەشکردنی دەسەڵات و ئەرك و مافەکان دەکۆڵێتەوە کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەو شوێنە پارێزەری ئەو دادپەروەرییە دەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لە رکابەری دەرناچێت، هەست بکات کە دادپەروەری هەبووە لە سیستەمی دیموکراسی، ئەو حاڵەتە تەنها سروشتی هەڵبژاردنە و دەبێت هەردوولا براوە و نەبراوە قبووڵی دەرئەنجامەکان بکەن. رێز لە بیروبۆچوونی دەنگی تاکەکەس بگرن، بەڵکو دادپەروەری هەستی بەرپرسیاریەتییە بەرامبەر ئەرك و مافی هاووڵاتی. لەم خاڵەدا هاووڵاتی هەست دەکات کە دەنگی خۆی هێز و متمانەیە، هەست دەکات کە پارێزراوە لەو وڵاتەی کە بەرامبەر سەرۆکەکەی راستگۆ بووە. کێشەی ئەم سەردەمە نەبوونی دادپەروەرییە لە بڕیاردان و حوکمڕانی کە زۆر جار بۆتە کێشەیەکی جیهانی و سەدان کودەتا رووی داوە، بە هۆی کێشەی

دادپەروەری. چوارەم: دەسەڵات لە خاڵی دیموکراسی ئەوەمان پێ دەڵێت هەموو تاکێك مافی بەکارهێنانی دەسەڵاتی هەیە، بەپێی شایستەبوون، ئەو شایستەیی بەدەستی دەهێنێت لە ڕێگای هێزی یاساییەوە ئەو هێزەش لە دەنگی هەڵبژاردن دروست دەبێت.

لێرەدا دەسەڵات واتە کۆی بەکارهێنانی هێزی دیموکراسیە کە هەموومان بەپێی یاسا مافی بەکارهێنان و بەدەست هێنانی یاسامان هەیە ئەو دەسەڵاتەش قابیلی خستنە ژێر پرسیارەوە لەهەمان کاتدا ئەم خاڵە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە دەنگ بە چ دەسەڵاتێك دەدەین. لێرەدا دەگەینە ئەو خاڵە کە هەڵبژاردنی سەرکردە لەرووی زمانەوانییەوە واتە دەستنیشانکردنی شتێك یاخود لێگرتنەوە یان هەڵبژاردنی کەسێك لە ناو کۆمەڵگەدا بەپێی شایستەبوون ئەگەرچی شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن دەسەڵات بریتییە لە هێزی یاسا، بەڵام ئەم هێزە لە جەماوەرەوە دەست پێدەکات و یاسا پاڵپشتی ئەو پرۆسەیە دەکات کاتێك باس لە دەسەڵاتی سەرۆك دەکەین لە ڕێگای شەرعیەت پێدانی یاساییەوە ئەوە دەبێت خەڵك ئەو هێزە پەیدا بکات و شەرعیەت بداتە دەسەڵاتەکان، هەڵبژاردنی ئەو کەسە کردارە بۆ کردەوەیەك و پرۆسەیەکی بەردەوام لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەسەڵات دانە بە کەسێك لە ڕێگای دەنگدانی راستەوخۆی تاکەکان و کۆکردنەوەی زۆرترین دەستنیشانکردن و دەنگ بۆ ئەو کەسەی کە شایستەی دەسەڵات بێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا، لە رووی دەروونییەوە، هەڵبژاردنی کەسێك کە لەگەڵ بۆچوون و میزاج و حاڵەتی دەروونی تۆدا دەگونجێت، بەو مانایەی دروستکردنی پاڵنەرێکی دەروونی سەردەستەکردنی گرووپێك یان سەرۆکایەتی کردنی دەوڵەتێك، کە کەسایەتییەکی کاریزمی و دیاریکراوی لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆو دەرەوە و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێ، بۆیە دەبێت ئەو کەسە توانایەکی لە رادەبەدەری هەبێت لەسەر دارشتنی سیاسەتی گشتی وڵات بۆ دامرکانەوەی هەڵچوون و ئارامبەخشی کۆمەڵگەدا

لەرووی سایکۆلۆژییەوە کەلتوری هەڵبژاردن، بە واتای هەڵچوونی میکانیزمی یاسای دەسەڵات دەبێت کە زۆر لە شرۆڤەکارانی سیاسەت و یاخود دیراسەکان باس لەوە دەکەن لە رۆژهەڵاتدا کەلتوری توندوتیژی یان یەکتر ناشرین کردن هەیە لە کاتی گۆڕینەوەی دەسەڵات بە ڕێگای هەڵبژاردن ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەزەحمەت ئەوەی دیکە قبوڵ بکەن هەرچەندە دۆخ و باری ئێستا وابخوازێت بەردەوامی بە دەسەڵات بدات بۆیە زۆر جار بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان دەکەونە ژێر پرسیار، ئەمەش تووشی تێکچوونی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و حکومڕانی و سیاسی دەبین لە نێوان پارتە بەشداربووەکانی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات. هەندێك لە گەلانی رۆژهەڵات فێری ئەوە نەبووە کێبڕکێ بکات لە نێوان کەسەکان بۆ سەرۆکایەتی لە پێناو پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی نیشتمانی.

لە کۆتاییدا هەڵچوونی سلبی دروست دەبێت لە ناو جەماوەر تا پلەی رەشبینی لە سیاسەت و هەندێکی دیکە لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەڵێن ئەم جۆرە نا تێگەیشتنە دەگەڕێتەوە کە وەکو کەلتور هەیە لە زهنەیەتی تاکی کورد ئەوەندەی قسە دەکات گوێ ناگرێت، بۆیە ئەم دیدە بۆ چەند رەهەندیك دەگەڕێتەوە وەکو زەمینە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنی راستەوخۆ وەکو مژاری کاتی و بە کۆمەڵایەتی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەوەی مەبەستە کێ بڕیار دەدات لەسەر چارەنووسی قەیرانەکانی سەرکردە کە سەرجەم توێژو چینەکانی کۆمەڵگە تێدا بەشدار دەبن و دیاریکردنی ئامانج بۆ پرۆسەکە کە ئامانجی کۆتایی چییە چۆن دەکرێت پرۆسەی دیموکراسی لەو قەیرانە بەردەوام بێت لەگەڵ رەچاو کردنی سیاسەتی نیشتمانی لەگەڵ کارا کردنی کەرەستەی هەڵبژاردن وەکو راگەیاندن و چاودێری کردن و بەڕێوەبردن و کەلتوری لێبوردەیی کە ڕێکخراو بێت بەپێی یاسای نیشتمانی. هەندێ جار تەنانەت لە حیواری راگەیاندنەکانیش وەکو بەتاڵکردنەوە ئەو حاڵەتە توندوتیژیە ئامادەیی هەیە نەك زمانی گفتوگۆ و حیوار لەوانەیە ئەوەندەی تواناو وزەی دەروونیان هەبێت بۆ ناشیرین کردنی یەکتر ئەوەندە توانایان نەبێت بۆ پێشبڕکێ و دایەلۆگ و یەکتر جوان کردن ئەم حاڵەتەش دەچێتە قاڵبی هەڵچوونێکی سلبی جەماوەر واتە لە دەمژمێرێك (٢٠٠ ) دروشمی نەرێنی دەڵێت، بەڵام لە رۆژێکدا ئامادە نییە (٢٠ ) دروشمی جوان هەڵبژێرێت، ئەم حاڵەتە لە رووی دەروونییەوە باری سادیزم لەلای جەماوەر دروست دەکات. بۆیە دەبێت قبوڵکردنی جیاوازییەکان و رەخنەگرتن و خوێندنەوەی ئەوی دیکە بنەمای لێکتێگەیشتن دروست بکات و گەل دەربازی بێت لە سەرجەم قەیرانەکان . گەڕانەوە بۆ دەنگی جەماوەر زۆر جار گرێ دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چارەسەر دەکات، رەنگە ئەم جۆرە خەسڵەتە تایبەتمەندی خۆی هەبێت لە هەندێك هەرێم و دەوڵەت گونجاوبێت بەپێی سیستەمی جوگرافی ئەو شوێنە.

---

***پسپۆڕی دەروونزانی**

**شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن دەسەڵات بریتییە لە هێزی یاسا، بەڵام ئەم هێزە لە جەماوەرەوە دەست پێدەکات و یاسا پاڵپشتی ئەو پرۆسەیە دەکات کاتێک باس لە دەسەڵاتی سەرۆک دەکەین**

**دەبێت قبوڵکردنی جیاوازییەکان و رەخنەگرتن و خوێندنەوەی ئەوی دیکە بنەمای لێکتێگەیشتن دروست بکات و گەل دەربازی بێت لە سەرجەم قەیرانەکان. گەڕانەوە بۆ دەنگی جەماوەر زۆر جار گرێ دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چارەسەر دەکات**

# پاش ساڵێک لە قات و قڕی.. داخوازییەکانی حەموڕابی بۆ عەبادی



د. ئەنوەر بەرزنجی*

تایبەت بە گوڵان نوووسیویەتی

پێشان و ئێستاش عێراق پەلبەستراو و دیل بووە بە دەست داستانەکەی گلگامێشـــەوە، بەپێی لۆژیکی مەچەك پۆڵایینی لەو داستانەدا، مامەڵەت لەگەڵ گرفتەکانی فەرمانڕەوایەتی دەکرێت، ئەمەش لە هاوارە ناسراوەکەیدا بەرجەستە دەبێتەوە کە دەینەڕاند: «من.. پاشام».

بــێ نەزاکەتە ئەگەر هەموو مێــژووی میزۆپۆتامیا لەو تارماییــە ترســناکەدا کورت بکەینــەوە، یان بە هێزێکی دڕندانەوە بیبەســتینەوە، پۆزشمان بۆ ئەمەش، مێژووەکەی حەمورابی بێت، کە بە بابی دەســتوورەکان دادەنرێت، بەو پەنــدە بەناوبانگەیەوە کاتێك خەڵکی پێ بەڕێوە دەبرد و دەیوت: «شــکۆی پاشا لەوەدایە ببێتە بابی هەمووان».

هەروەهــا لە نێوان ئــەم دوو وتەزایەشــدا، ئەڵقەکانی دەردەســەری و نەهامەتــی خەڵکی، لە ژێر ســایەی فەرمانداریی ستەمکارانەی گلگامێشدا بوونی هەبووە، هەروەهــا ئەڵقــەی دیکە لە بەرهەمی شارســتانییانە بــۆ ڕەعیەتەکانی ئــەم وڵاتە لە ژێر ســایەی ئاڵای

حیکمەتەکەی حەمورابیدا پەلکێشمان دەکات بەرەو ساتەوەختانی عێراقی پاش ساڵی ١٩٢١ کە بە پێی ڕوانینی (Gertrude Bell ms) بەریتانیایی دامەزراوە، لێرەوە پێویستە بڕیار بدەین لەوەی هەرچی ستەم و زوڵمێك قەومابێت بەسەر دانیشتووانی میزۆپۆتامیای سەروودا (کە ئێستا بە خاکی کوردستان) دەناسرێت، پشکی شێری لەم ستەملێکردن و چەساندنەوانە بەر گەلی کوردستان کەوتووە، لەبەردەم ئەم میراتە ناشارستانییەتەدا، پێدراوە مێژووییەکان هەر لە شۆڕشەکەی کاوەی ئاسنگەر کە دژ بە ئەژدەهاك بەرپابووە، تا ڕاپەڕینی کورد لە دژی ستەمگەرایی مێژووی هاوچەرخانەی سەدامی، هەر هەمووی سەلمێنەری ئەوەن کە خەڵکی زاگرۆس بەوپەڕی ڕاشکاوانەوە ئەو شتانە ڕەت دەکەنەوە کە ئێستا لە فەرهەنگی سیاسەتدا پێی دەوترێت دەوڵەتی دەسەڵات (State-of-Authority) خەڵکی ڕازی نین بە شتێکی کەمتر لە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون (State-of- citizenship) هەر ئەم هەوڵ و تێکۆشانەی کورد بووە لە ڕابردوودا و تا ئێستاش هەر بە هەمان شێوە ماوەتەوە.

لەمەوە پوختەیەك لە مێژووی کورد لە ناو دەوڵەتی ئەمڕۆی عێراقیدا دەخوێنینەوە، کە وێڕای هاوچەرخیبوونی مێژووەکەی کەچی چەندین ساڵ لەم مێژووە نووسراوە و نەنووسراوەی تەژی بووە بە ستەمکارێتی فەرمانڕەوایانەوە بە سەر هاووڵاتیانیدا.

لە دوایەمین چاوپێکەوتنیدا سەرۆکی ڕۆحیی کورد بارزانی مستەفا ئەم نەهامەتییانەی گەلەکەی لەم چەند ڕستەیەدا چڕکردۆتەوە: «ڕەسەنایەتی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی گەلەکەم، وێڕای ئەوەی بێئومێد کراون، بەڵام شایەنی ئەوەن بە کەرامەت و سەر بڵندییەوە بژین، وەك هەر گەلێکی تری سەر زەمین». سەرەڕای هەموو ئەو پاساوانەی بۆ دامەزراندنی عێراقی تازە لەسەر زاری (میس بیل) هێنرانەوە، کەچی کاتێك دەوترا دامەزراندنی عێراق مخابنانە کە پێویستیەکی ناچارەکی بووە «at best a regrettable necessity» بەڵام حاڵەتی ئەم داخە تاڵ و مخابنە ناچارییانە بەسەر زەڕوورەتی مێژوویی درووستبوونی دەوڵەتەکەوە هاووڵاتیانی داماوی عێراقیان ڕزگار نەکردووە لەو هەموو ئازاری هەستکردنە وەك هاووڵاتیانی پلە دوو، هەر چۆن ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە سەردەمانی پاشایەتییەوە تا سەردەمانی کۆماری نەیانتوانیوە چارەسەرێك بۆ ئەم غوبنە زۆرە بدۆزنەوە کە دووچاری هاووڵاتیانێك دەبێتەوە و بەردەوام لە ژێر بارێکی زەحمەتی ستەمدا داد و بێدادیانە، پێشان و ئێستاش حاکمدارانی عێراق تەنیا لە یەك شتدا زیرەکایەتییان سەلماندووە، ئەویش لە نەخشاندن و پاساو دۆزینەوە بۆ هەمان ستەملێکردن، چ بە فرەڕەنگێتی تایەفەگیری، یان بە هۆکارگەلی مەزهەبی، لەکاتێکدا هەموویان شکۆی حیکمەتی حەمورابییان لە یاد کردووە، نازانن چۆن فەرمانڕەوایەتی ڕەعیەت بکەن. ئەمەش ئەو هۆکارانەمان پێ ڕاڤە دەکاتەوە، کە بۆچی دەسکەوت و سامانی ئەو هەموو پیترۆڵە زۆرە، هەرگیز نەیاتوانیوە هاووڵاتیان لە دەرد و میحنەتە زۆرانەی بەسەریاندا دێت، دەربهێنێت، کە زۆربەی میحنەتەکان بەهۆی حاکمدارانی ئەمڕۆ و دوێنێوە تووشی هاتوون. دیسانەوە چیرۆکەکە خۆی دووبارە دەکاتەوە و بەشێوازێکی لێهاتووتر دێتەوە مەیان، بەو شێوەیەی کە خزمەت بە هەژموونی فەرمانڕەوایەتی ڕەها بکات، بە درێژایی و پانتایی وڵاتەکەدا ڕۆڵی هاووڵاتیش بەرتەسکتر بکاتەوە.

شۆڕشی ڕەعیەتی ستەملێکراو لە عێراقدا تەنانەت نەیتوانیوە سامانی گشتی وەدەست بێنێتەوە، تەنانەت بۆ وەرگرتنەوەی کەرامەتی هاووڵاتی لە وڵاتی پڕ لە نەوت و کانزا و خێر و بێری ڕووبارەکاندا. پاش ساڵێك لە قات و قڕی و نەهاتی زۆر و زەوەندا، کاتی ئەوە هاتووە کە رابمێنین لە ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی حەمورابی کە بە باوکی دەستوورەکان ناسراوە. با بزانین چی تێدایە بۆ عەبادی:

١. پابەندبوون بە باوکایەتی راستەقینەی ڕۆڵەکانی وڵاتەوە، کە ئێستا داد و هاواریانە بە دەست قەیرانی هاووڵاتی بوونیانەوە بە سەر ئەم خاکی ئەم عێراقەوە.

٢. پابەندبوون بە نەهێشتنی دەوڵەتی دەسەڵاتەوە و بونیادنانی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون بۆ هەموو خەڵکی وڵات.

٣. پابەندبوون بە سیاسەت و ئەخلاقێك سەبارەت بە چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ خەڵك لە سەرتاسەری وڵاتدا.

٤. ڕاهێنانی نەوەکان بە پرەنسیپی ڕۆحی پێکەوەژیان و بەرزکردنەوەی ئاستی یاساپارێزی و تەماشاکردنی یاسا وەك سەروەرییەك بە سەرسەری هەمووانەوە.

٥. چەسپاندنی ڕۆحی بڕواهێنان بە بنەماکانی مرۆڤایەتی بوون پێش وابەستەیی بە خاك و خۆڵی وڵاتەوە.

٦. بونیادنانی دیموکراتیەت لە پێناوی پاراستنی کەرامەتی خەڵکی و ئاوەدانکردنەوە لە پێناوی پەرەپێدانی وڵاتدا.

٧. کەسی بەرپرس بەپێی یاساکانی حەمورابی لە بەردەم خەڵکیدا بەرپرسیارە.

---

*** راوێژکاری دێرین لە پەرەپێدانی بەردەوام**

**عێراق لە سەردەمانی پاشایەتییەوە تا سەردەمانی کۆماری نەیانتوانیوە چارەسەرێک بۆ ئەم غوبنە زۆرە بدۆزنەوە کە دووچاری هاووڵاتیانێک دەبێتەوە و بەردەوام لە ژێر بارێکی زەحمەتی ستەمدا داد و بێدادیانە**

**کەسی بەرپرس بەپێی یاساکانی حەمورابی لە بەردەم خەڵکیدا بەرپرسیارە**



## سامی کۆهین ڕۆژنامەنووسی دیاری تورکیا بۆ گوڵان:

# ئەردۆگان نەیدەویست حکومەتێکی شلۆقی هاوپەیمانی پێکبهێندرێت بۆیە پەنای بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە برد

سامی کۆهین ستوونووسی بە ناوبانگی ڕۆژنامەی میللیەت-ی تورکییە، کە یەکێکە لە ڕۆژنامە سەرەکییەکانی تورکیایە. کۆهین لە سەر سیاسەتی ناوخۆی تورکیا، هەروەها پرسی کورد لە تورکیا و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ئەزموونێکی زۆری هەیە و لە زۆربەی ستوونەکانیدا جەخت لە سەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا و پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.، لە ئێستادا کە تورکیا بە بارودۆخێکی سیاسیی ناسەقامگیر دەڕوات و بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکات، لە هەمان کاتدا حکومەتی تورکیا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا هەڵپەساردووە و شەڕ و توندوتیژی دەستی پێکردۆتەوە. لە لایەکی دیکەوە جیا لەوەی ئێستا سەرقاڵی ئەوەیە حکومەتێکی کاتی تا هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام دەدرێت، پێکبهێندرێت، لە هەمانکاتدا خۆئامادەکردن و جۆرێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی نافەرمی لە نێوان حزبەکانی تورکیا هەستی پێدەکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر شکستی هەوڵەکانی داود ئۆغلۆی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، هەروەها ئامانجی ئەردۆگان لە هەڵبژاردنی پێشوەختە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی دیاری تورکیا سامی کۆهین ئەنجامدا و بەمجۆرە راوبۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



*** بۆچی پارتە سیاسییەکانی تورکیا نەیانتوانی بگەن بە ڕێککەوتنێک، یان هاوپەیمانێتییەک بۆ ئەوەی کابینەی نوێی حکومەت پێکبهێنن؟ ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر سەرجەم بارودۆخی تورکیا دەبێت؟**

- ئەمە یەکەم جار نییە کە لە تورکیادا پارتەکان نەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی. چەندین جاری تر لە سەردەمی ئۆزال و چیلەر و دێمیراڵ -دا ئەمە ڕوویداوە، تەنانەت یەکەمجار لای ئەربەکانیش ڕووی دا. لەم حاڵەتەی دواییشدا هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی شکستی هێناوە. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکە: یەکەم لەبەر ئەوەی بیرۆکەکە ئەوە بوو کە ئیئتلافێکی گەورە لە نێوان ئەکەپە و جەهەپە پێکبێت، ئەمەش چارەسەرێکی باش دەبوو بۆ تورکیا لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە پارتێکی چەپی میانڕەوی وەک جەهەپە هەیە و لەلایەکی تریشەوە، پارتێکی میانڕەوی ئیسلامی وەک ئەکەپە هەیە، ئەمەش کاریگەری دەبوو لەسەر هەردوو لا کە بیرێکی میانڕەویان هەیە و هەروەها کاریگەری دەبوو سەر تورکیاش بۆ ئەوەی کێشەکانی بە شێوەیەکی میانڕەوانە چارەسەر بکات، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەکرا. هەندێک هەوڵدرا بۆ

**بەریتانیا و ئەڵمانیا و زۆر لە وڵاتانی جیهان کاتێک نەیانتوانیوە حکومەتێکی یەک پارت دروست بکەن، پارتە جیاوازەکان لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوپەیمانیەتییان دروست کردووە**

**هیچ حکومەتێکی تورکیا لەسەر مەسەلەکانی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەکە دەستێوەردانی دەرەکی ناوێت**

**نەک هەر تەنها سەرۆک بارزانی، بەڵکو سەرۆک ئۆباما و ئەنجیلا مێرکل و سەرۆک وەزیرانی -بەریتانیا- کامیرۆن و زۆر لایەنی تریش هیوایان خواستووە کە پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێت**

**تورکیا پێوەندییەکی وای بنیادناوە لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا کە لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت و خۆی لاداوە لەو شتانەی وەک مەسەلەی پەکەکە کە بەلارێدا ببات**

چارەسەری کێشەکە، بەڵام دوایی هەردوولا رێککەوتن لەسەر ئەوەی رێکنەکەون، ئەمەش بە زۆری لەبەر هەڵوێستی ئەکەپە بوو، چونکە ئەکەپە جەختی لەسەر بەرنامەکەی دەکردەوە و دەیویست بە مەرجەکانییەوە جەهەپەش بچێتە پاڵی، ئەمەش بە دڵنیاییەوە رەتکرایەوە لەلایەن جەهەپەوە. ئێستاش زنجیرەیەکی دور و درێژ لە کۆبوونەوەیان هەیە، کە پێی دەڵێن گفتوگۆی ئیستیتلاعی (exploratory talks)، لەم جۆرە گفتوگۆیەدا هەردوولا بۆچوونەکانی خۆیان لە بارەی هەموو شتەکانەوە وەک سیاسەتی دەرەوە و پەروەردە و سیاسەتی ناوخۆ و مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و مەسەلەی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتەکانی سەرۆک و ریفۆرمە دەستوورییەکان و حاڵەتەکانی تر دەخەنە سەر مێزی گفتوگۆ، واتە لەسەر هەموو مەسەلە گرنگەکان هەردوولا بۆچوونەکانیان دەخەنە سەر مێزی گفتوگۆ و قسە دەکەن لەسەر ئەوەی چی بکەن و چۆن لەم قۆناغی ئیستیتلاعییەدا هەردوولا، -ئەکەپە و جەهەپە- لەسەر چەند شتێکی گرنگ رێکبکەون. ئەمە رووی نەداوە لەبەر ئەوەی داودئۆغلۆ دەیەوێت بەرنامەکەی خۆی ببێتە بنەما بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتی و بەدڵنیاییشەوە جەهەپە بەمە رازی نەبووە. لە راستیدا، کلیچدار ئۆغلۆ گلەیی ئەوە دەکات کە گفتوگۆیەکی باش نەبووە و تەنها ماوەیەکی درێژی گفتوگۆی ئیستیتلاعی بووە و هیچی تر. پێموایە ئەگەر دەرفەت بدرایە بە گفتوگۆکان بۆ جیاوازییەکانی خۆیان چارەسەر بکردایە، ئەوا زەمینەی ئەوە دەبوو هەردوو پارتە گەورەکە سەرکەوتوو بوونایە لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەك و بەشدار دەبوون لە دروستکردنی سەقامگیریدا کە ئێستا تورکیا زۆر پێویستی پێیەتی. بەڵام ئەم دەرفەتە مێژووییە لە دەست درا. بژاردەی دووەمیش ئەوە بوو کە لە لایەن پارتە بچووکەکانەوە رەتکرایەوە، وەک مەهەپە پارتی نەتەوەپەرست، ئەم پارتە بۆچوونێکی زۆر نێگەتیڤی هەبوو لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ ئەکەپە و هەر پارتێکی تر، سەرکردەکەیان باخچەلی هەر لەسەرەتاوە وتی کە پارتەکەیان نایەوێت وەك هاوپەیمانێتییەك بچێتە دەسەڵاتەوە لەگەڵ هەر پارتێکی تردا و داودئۆغلۆش سەردانی کردن و دڵنیا بووەوە. بۆیە باشترین دەرفەت ئەوە بوو کە هەردوو پارتە گەورەکە -لە رووی کورسیی پەرلەمانییەوە- رێکبکەون و هاوپەیمانێتییەك پێکبێنن، بەڵام هەر وەک وتم بەداخەوە ئەمە نەکرا. بۆیە ئێستا سەرۆک داوای لە داودئۆغلۆ کردووە، حکومەتێکی کاتی دروست بکات تا کاتی هەڵبژاردن. لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حەوتی رابردوودا، سەرۆک ئەردۆگان تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بەرەوپێشچوونی مەسەلە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکان پێویستی بە سەقامگیری و حکومەتێکی بەهێز هەیە، لەبەر ئەوەی کە پارتی دەسەڵاتدار -ئەکەپە- نەیتوانی لەم هەڵبژاردنەدا زۆرینە بەدەست بێنێت، هەر دوای ئەوە وتی کە تورکیا پێویستە واز لە حکومەتی هاوپەیمانێتی بێنێت، لەبەر ئەوەی ئەزموونەکانی رابردوو پیشانی داوە، کاتێک حکومەتی هاوپەیمانێتی هەبووە، سەقامگیری و بووژانەوەی ئابووری و چارەسەری کێشەکان بە دوای خۆیدا نەهێناوە.

*** لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حەوتی رابردوودا ئەکەپە نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی بە تەنها حکومەت پێکبێنێت، ئەمەش مانای پاشەکشەیە لە پرۆسەی ئاشتی و سەرهەڵدانەوەی شەڕ لەگەڵ پەکەکە، لەمبارەیەوە چۆن پێوەندی نێوان شکستی ئەکەپە لە هەڵبژاردنەکان و دووبارە بەدەستهێنانەوەی سەقامگیری لە رێی پرۆسەی ئاشتییەوە دەبینی؟ بۆچی پرۆسەی ئاشتی بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کاری تێکرا؟**

- هەروەک پێشتر وتم سەرۆک خۆی ئەوەی راگەیاند کە خۆشحاڵ نییە بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پێیوا بوو کە هاوپەیمانێتییەك چارەسەر نییە، بۆیە هەڵبژاردنی پێشوەخت شتێکی حەتمی بوو. هەر بۆیە زۆرێك لە چاودێران وایان لێکدایەوە کە هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت. بە مانایەکی دی، هەرچەندە دەرفەتێک هەبوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانێتی، بەڵام ئەمە رووی نەدا، لەبەر ئەوەی لە پێش هەموو شتێکەوە سەرۆک و سەرکردایەتی ئەکەپە نەیاندەویست. باوەڕیان وابوو دووبارە لە هەڵبژاردنی پێشوەختدا دەرفەتێک دەبێت بۆ ئەکەپە کە بە تەنها بێتەوە دەسەڵات. بۆیە پێموایە پرۆسەی ئاشتیش بەشێکە لەو هەرایەی هەڵبژاردنەکانی پێشوەخت. هەدەپە کە هاوسۆزی پەکەکەیە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و لەسەر پەکەکەشە کە پابەند بێت بەو رێککەوتنە گشتییەی کە ئاگربەستی راگەیاندووە، لەلایەکی ترەوە هەدەپە دەزانێت کە بە تەنها نابێت پەکەکە لۆمە بکرێت بۆ ئەمە، بەڵکو پارتی دەسەڵاتداریش (ئەکەپە) بە باشی پێشوازی لەو ئاگربەستە نەکردووە و پابەند نەبووە بە گفتوگۆکانەوە لە پێش هەموویانەوە لەگەڵ ئۆجەلان.

*** سەبارەت بە پێوەندی تورکیا و حکومەتی هەرێمی**

**کوردستان، چۆن ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و پاشەکشە لە پرۆسە ئاشتی کار دەکاتە سەر ئەم پێوەندییە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بنیادنراوە؟**

- تورکیا و حکومەتەکەی ئێستای پەیڕەوی سیاسەتێکی پراگماتیکیان کردووە لە سەر ئەم مەسەلەیە. واتە تورکیا پێوەندییەکی وای بنیادناوە لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا کە لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت و خۆی لاداوە لەو شتانەی وەک مەسەلەی پەکەکە کە بەلاڕێدا ببات، واتە بە لانیکەمەوە بەردەوام بێت لەو پێوەندییە باشەدا، پێوەندییە سیاسییەکان و بەتایبەتی پێوەندییە ئابوورییەکان، ئەمە سەبارەت بە لایەنی تورکیا. بەمانایەکی تر تورکیا پێیوایە کە دەبێت پوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەردەوام بێت و کۆتایی هاتنی پرۆسەی ئاشتی، یان سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیەکان لە تورکیادا نابێت ڕێگر بێت لە بەردەم بەردەوامی ئەم پێوەندییەدا. لەلایەنی کوردیشەوە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، هەڵوێستی وایە ئەم پێوەندییە بەردەوام بێت و گوزارشتی لە بایەخی خۆی کردووە لەبارەی پرسی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییەکان و پێیوایە دەبێت مەسەلەکە بە ڕێگای سیاسی چارەسەر بکرێت و پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێت. ئەمە ئەو ئامۆژگارییە بوو کە نێچیرڤان بارزانی وەک کاردانەوەیەک نواندی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولا لە راستیدا دەبێت زۆر بەئاگا بن و بەردەوام بن لەم پێوەندییەدا.

*** چۆن بارزانی دەتوانێت بەردەوام بێت لە ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی لە ڕووی چەسپاندنی ئاشتی لە نێوان تورکیا و کوردەوە، هەروەک دەزانین حکومەتی هەرێم بەشێک نییە لە ناکۆکییەکە، بەڵام ئایا دەتوانێت ببێتە فاکتەری سەقامگیری و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا؟**

- بەدڵنیاییەوە حکومەت پرۆسەی ئاشتی، یان چارەسەرکردنی دۆخی ئەمنی ناوخۆیی بە پرسێکی ناوخۆیی دەزانێت، هیچ حکومەتێکی تورکیا دەستێوەردانی دەرەکی ناوێت لەسەر مەسەلەکانی ئاسایشی تورکیا، بێگومان نەك هەر تەنها سەرۆك بارزانی، بەڵکو سەرۆك ئۆباما و ئەنجیلا مێرکل و سەرۆك وەزیرانی —بەریتانیا- کامیرۆن و زۆر لایەنی تریش هیوایان خواستووە کە پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێت و توندوتیژی وەلابنرێت و مەسەلەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت. تورکیاش لەم بارەیەوە هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە و تووڕەیی پیشان نەداوە، نە بۆ ئۆباما و نە بۆ سەرۆک ئۆلاند لەبەر ئەوەی تەنها بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام نایەوێت زیاتر بڕۆن و هەنگاوی کردارییانە بهاون، کە وا لێکبدرێتەوە ئەمە فشارە لەسەر تورکیا. چونکە تورکیا دەڵێت: ئەمە کێشەی ئێمەیە و دەبێت خۆمان بە باشترین شێوە چارەسەری بکەین. پێشموایە هەرێمی کوردستانیش لەوە تێگەیشتوون کە ئەمە مەسەلەیەکە چارەسەرکردنی پێوەندی بە تورکیاوە هەیە.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان بەوجۆرە بێت، وەك ڕۆژنامەنووسێکی چاودێر، ئەولەوییات لە سیاسەتی ئێستای تورکیادا چۆن دەبینیت؟**

- تورکیا دەیتوانی زۆر شت بکات بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام مەسەلەی تیرۆر و توندوتیژی بوونەتە مەسەلەی ژمارە یەك بۆ تورکیا. واتە تورکیا دەیتوانی شتی زۆرتر بکات بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە، هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. سەرەڕای قەیرانی ئابووری جیهان و ماوەی ناسەقامگیری لە وڵاتدا، تورکیا لەم بارودۆخەدا بانگەشەی هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکات، هیوادار بووم تورکیا ئەم هەڵبژاردنەی نەکردایە، بەڵکو حکومەتێکی سەقامگیری هەبێت، کاتێک دەڵێم حکومەتێکی سەقامگیر مەبەستم لە حکومەتی یەک پارت نییە، بەڵکو حکومەتێکی هاوپەیمانییە، چونکە سەرەڕای ڕەخنەکان لە حکومەتی هاوپەیمانی، بەڵام دەتوانێت سەقامگیری بنیاد بنێت. سەیری ئەزموونەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و زۆر لە وڵاتانی جیهان بکەن کاتێک نەیانتوانیوە حکومەتێکی یەک پارت دروست بکەن، پارتە جیاوازەکان لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوپەیمانیەتییان دروست کردووە، بۆیە لەسەر مەسەلە بەرجەستەکان توانیویانە پێکەوە بن و لەسەر چەند سیاسەتێک ڕێکبکەون. ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو شتێکت لەسەر ئایدیۆلۆژییەکەت لەبیر کردووە و خیانەت لە دەنگدەرانت دەکەیت، بە پێچەوانەوە تۆ پارێزگاری لە سیستەمێک دەکەیت و وڵات بەرەو پێش دەبەی. ئەمە ڕووی نەدا بەداخەوە لە تورکیا و ئێستاش بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت دەچین لە ژێر ئەو بارودۆخەی کە باسم کرد، توندوتیژی بەردەوامە و دۆخی ئابووری بەرەوخراپی دەچێت و فەزای سیاسی وەستاوە، بەهەر حاڵ، هیوادارم تورکیا کارەکانی خۆی وەک جاران بکات و پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی بە باشی بهێڵێتەوە و ئەم زریانە سیاسییە کۆتایی پێبێت وەک پرۆسەی ئاشتی و خراپبوونی باری ئابووری لە وڵاتدا.

**هەدەپە کە هاوسۆزی پەکەکەیە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و لەسەر پەکەکەشە کە پابەند بێت بەو ڕێککەوتنە گشتییەی کە ئاگربەستی ڕاگەیاندووە**

**ئەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو پیشانی داوە، کاتێک حکومەتی هاوپەیمانێتی هەبووە، سەقامگیری و بووژانەوەی ئابووری و چارەسەری کێشەکان بە دوای خۆیدا نەهێناوە**

**داودئۆغلۆ دەیەوێت بەرنامەکەی خۆی ببێتە بنەما بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتی و بەدڵنیاییشەوە جەهەپە بەمە ڕازی نەبووە**

**هیوادارم تورکیا کارەکانی خۆی وەک جاران بکات و پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی بە باشی بهێڵێتەوە و ئەم زریانە سیاسییە کۆتایی پێبێت وەک پرۆسەی ئاشتی و خراپبوونی باری ئابووری لە وڵاتدا**

# نیگەرانیی کورد لە ڕیفۆرمسازی و هەمواركردنەوەی دەستوور

## (پاساوی هەیە یان زێدەڕۆییە)



د. سۆلاف کاکەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر کاتێك قەیرانێك دەقەومێت یان هەلومەرج و دۆخێکی لەناکاو دێتەپێشەوەو پرۆسەی سیاسیی لەق دەبێت، یان ڕێگەکانی لێکتێگەیشتنی نێوان پێکهاتە سیاسیەکانی عیراق بە بنبەست دەگات، دەبێتە هەڵلاو دەنگ بەرزدەبێتەوە بۆ زەڕووڕەتی هەمواركردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراق.

هەموو هێزە سیاسیەکان داوای هەمواركردنەوەی دەکەن، وەك ئەوەی دەستوور تەنافێك بێت بۆ هەڵخستنی هەڵەکانی ڕژێمی حوکمڕانی هەر لە خزمخزمانێ و ناسیاریی تا هەڵلووشینی پارەو بەهەدەردانی سامان کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو کەڵەکەبوون، وادەزانرێت بە هەمواركردنەوەی دەستوور ئیتر هەرچی چاکسازییە دەکرێن و دادپەروەری باڵ بەسەر هەمواندا دەکێشێت و ئاسایش و سەقامگیری وەدیدێت.

لێرەوە کۆمەڵێك پرسیاری گەوهەری هەن پێویستە بکرێن:

١. کێ داوای هەمواركردنەوەی دەستوور دەکات و چ ماددەیەکی دەستووری دەگرێتەوە؟

هەموو لایەنە سیاسیەکان بیرۆکەی هەمواركردن دەهێننە ئاراوە، بەبێ ئەوەی لەسەر تاکە ماددەیەکی دەستووری بۆ هەمواركردنەوەی ڕێکبکەون. دەستوور بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ڕاوبیرو فیکرێك کە لایەنە دەسەڵاتدارەکانی ناو پرۆسەی سیاسی وەبەرهەمهێنەرین لە هاوشێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لەساڵی ٢٠٠٥ دانراوە، کە سروشتییە سازان و سازشی زۆری لەسەر کرابێت، تا لە بەرژەوەندی هەموو جەمسەرەکاندا بێت:

فیدراڵی و ئیعترافکردن بە کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵیی کە دامودەزگای دەستووریی هەیە لەساڵی ١٩٩٢وە، یاخود ئیعترافکردن بە پارێزگاکان بەپێی ئەو پلەبەندییە فراوانەی لە نامەرکەزیەتدا هەیە، بەتایبەتی بۆ (کەرکوك سەبارەت بەکورد)، یا دەسەڵاتە فراوانەکانی سەرۆکی حکومەت (سەبارەت بەشیعە)، یا هەندێك دەستکەوتی ڕۆشنبیری و کارگێڕیی (سەبارەت بە کەمینە مەسیحی و ئێزیدییەکان)، بەڵام لایەنێك کە لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە زۆر زەرەرمەند بووە لە دوای ٢٠٠٣ وە، هیچ گەرەنتیەکی بەدەست نەهێناوە، لایەنی عەرەبی سوننەیە، کۆمەڵێك بەربەستی دەستووری و یاسایی هاتوونەتە پێشێ، هەموویان لەسەر بنەڕەتی پاکسازیکردن لەدامودەزگاکانی ڕەمزانی ڕژێمی پێشوو داڕێژراونەتەوە ئەویش لەڕێگەی دەستەی دادپەروەری و یەکسانی یا دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعسییەکان، یا لەچوارچێوەی یاسای تیرۆردا کە هەمیشە سزای توندی ئاڕاستەی سوننەکان کردووەتەوە، بەتایبەت بەپێی ئەحکامەکانی ماددەی ٤.

٢. چۆن دەکرێت دەنگ بەهەمواركردنەوەی دەستوورێك بدرێت لەکاتێکدا سێ یەکی خاکی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە، سێ یەکی گەلی عێراق دەربەدەرو ئاوارەو بێ ماڵ و حاڵ بووە، چ لەناوخۆی وڵات یا لەدەرەوەی وڵاتدا، ئەم ڕێژەیەش پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقییە کە عەرەبی سوننە و مەسیحی و ئێزیدیەکان دەگرێتەوە.

٣. کورد نیگەرانن لەم چاکسازی و هەمواركردنەوانە، نیگەرانییەکەشیان پاساوی خۆی هەیە، دەکرێت ئەم نیگەرانییە کەم بکرێتەوە لە ڕێگەی تیشك خستنە سەر خاڵێکی بنەڕەتی، بەوەی کۆمەڵێك لەو پۆستانەی کە نەهێڵدراون، تەنیا تایبەت نین بە کورد، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی گرتۆتەوە. هەرێمی کوردستان دەکەوێتە

دەرەوەی ئەو هەموارکردنە دەستوورییانە، بەپێی ماددەی ١٢٦(نابێت بە هیچ جۆرێك هەموارێكی ماددە دەستوورییەكان بكرێت، كە بە شێوەیەك لە شێوەكان ببێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمەكان كەم بكاتەوە، چونكە ئەو دەسەڵاتانە ناكەونە چوارچێوەی تایبەتمەندییە حەسریەكانی دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بەڵكو پێویستە رەزامەندیی دەسەڵاتی پەرلەمانیی هەرێمەكەی لەسەربێت، كە پابەندە بەو كارەوە یا لە رێگەی رەزامەندیی زۆرینەی دانیشتووانەوە ئەویش بەراپرسی گشتی). بەپێی ئەم ماددەیە، هەرێمی كوردستان دەتوانێت دەستكەوتەكانی ئێستای بپارێزێت و دەسەڵاتەكانیشی كەم نەبێتەوە، ئیتر نییەتی حكومەتی ناوەندی لەم چاكسازییانە هەرچییەك بێت. بەڵام نیگەرانیی راستەقینە ناكۆكییەكانی نێوان هێزە سیاسیەكانی كورد خۆیەتی، كە لەسەر بابەتەكانی ناوخۆ رێك ناكەون، گرنگترینیان مەسەلەی قەیرانی سەرۆكایەتی هەرێمە، رێكنەكەوتن لەسەر ئەم مەسەلەیە رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر گەلی كورد، چونكە ئێستا هەمووان وەلائی خۆیان لەسەر بنەمای ئیعتباراتی حزبی داناوە. ئەمەش بە نەرێنی كار دەكاتە سەر دەنگدان و راپرسی میللیی لە بەرانبەر هەمواركردنەوەی ئەو دەستوورەیشی كە تایبەتمەندە بە دەسەڵاتەكانی هەرێم.

لەمەوە دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

١. ئەو ململانێیەی لەعێراقدا خولقاوە، ململانێیە لەنێوان هێزەتوندرەوەكان لەبەرامبەر هێزە میانرەوەكاندا، سەركەوتنی هەر لایەكیان واتا جڵەوگرتنە دەستی دەسەڵات بۆ ئەو لایەنەیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ململانێیەكە هاتۆتە سەر ئاستی شیعە بەرامبەر شیعە، نەك شیعە بەرامبەر سوننە، وەك لەساڵی ٢٠١١ هەبووە، یا شیعە بەرامبەر كورد كە تاكو ئێستاش بوونی هەیە لە هەر جیاوازیەك كە لەسەر بابەتێكی دیاریكراو دروست دەبێت، وەك كەركوك و ماددەی ١٤٠ لە دەستووردا، گرێبەستەكانی نەوت، بودجەی هەرێم و پرسی پێشمەرگەو هەندێك مەسەلەی دیكە.. چونكە حكومەتی عێراقی چاكسازییەكانی رانەگەیاند تا خۆپیشاندانەكان نەكەوتنە بەر قاپی پارێزگا شیعە نشینەكانی وەك كەربەلاو نەجەف و بەصراو شارەكانی تری كە شیعەنشینن لەكاتێكدا لەساڵی ٢٠١١ ەوە هەر خۆپیشاندانێك لەپارێزگا سوننەكان روویدەدا دەیانووت ئەوانە بەگرێگیراوو خائینن. كەواتە دەرئەنجام هەرچییەك بێت بە بەرژەوەندی شیعەدا یەكلادەبێتەوە نەك بەرژەوەندیی پێكهاتەكانی تر. خاڵی یەكلاكردنەوە یا ئەوەتا لە شانسی هێزە توندرەوەكانە یا میانرەوەكانە، هەردوو لاشیان ئێستا لایەنگرانی هەژموونی ئێرانن، بەڵام لە پلەی دەستێوەردان و ئاستی توندیان كەم و زۆر كەوتوون.

٢. ئاستی كارایی چاكسازییە راگەیەنراوەكان كە لەلایەن عەبادییەوە باس دەكرێت، چووەتە چوارچێوەی كۆمەڵێك چاكسازیی دەستووری و كارگێڕی و یاسایی ئەمەش بەس نییە، ئەگەر نەبەسترابێتەوە بەدیاریكردنی میكانیزمی جێبەجێكردن و نەخرابێتە بواری جێبەجێكردن.

چونكە ئامانج لەم بریارانەی دوایی راستكردنەوەی لاسەنگی باری كۆمەڵگەیە هەروەها گواستنەوەیەتی بۆ قۆناغێكی تازە، جیاواز لەوەی پێشوو، نەك تەنیا راگەیاندن لەسەر چاكسازی و ناولێنانی وەك دەستكەوتێكی مێژوویی و هەل هەلە كێشان لە دەوری و خستنەرووی وەك دادپەروەرییەكی حكومەتەكەی عەبادی.

٣. پێویستە سیستەمی دادپەروەری چاكسازیی تێدا بكرێت چونكە ئەوەی بەرپرسیاریتی ئەم دەستكەوتە سیاسییانەی لەئەستۆیە بریتییە لە دادگا، نەبوونی دادگایەكی دادپەروەری سەربەخۆی بێلایەن، دەردێكە بوونیاتی دەوڵەت هەڵدەپاچێت، ئیتر گرنگیی یاساكان كە لە پەرلەمان دەردەچن هەرچییەك بن، یا قەبارەی بریارەكانی حكومەت كە دەریان دەكات هەرچەندێ گرنگ بن. هەبوونی دادگایەك كە لایەنگری دەسەڵات بێت، ملكەچ دەكات بۆ ئەو بریارانەی كە لە بەرژەوەندیی تاكەكسی و هەواو هەوەس و ئارەزووی بەرپرسانەوە دەدرێن، نەك لەبەر ئەو ئیعتیباراتە دادپەروەر و یەكسانخوازانەی كەهەن، ئیعتیباراتێكی وا لەعێراقدا رێزلێگیراو نین و رۆڵی خۆیان بۆ پاراستنی چاكسازییەكان ناگێرن و ناشتوانن تانە لە بریارەكانی حكومەت بدەن، لەكاتێكدا ئەگەر بێت و پێچەوانەی دەستوورو یاسا بن، بەهەرحاڵ لەكاتی نەبوونی دەقێكی دەستووری یا ماددەیەكی یاسایی، ئاساییە پەنا بۆ ئیجتیهادی دادوەرێك ببرێت، كە لە كاروباری یەكسانی و دادپەروەریدا قاڵبووبێتەوە، بەڵام ئەمە چۆن وەدی دەهێنرێت، ئەگەر بێتو خودی دادگا بە سیاسی كرابێت. ئەمەش وتەزایەكی بەناوبانگی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (چەرچڵ)م وەبیر دێنێتەوە لەپاش تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٤٥ ، كاتێك ئەندامانی كابینەكەی خراپەكاریەكانی بارودۆخی بەریتانیایان بەهۆی دەركەوتەكانی جەنگەوە دەخستەروو، كە بەهۆیەوە ئابووری بەریتانیا داڕمابوو، گەلی ئینگلیز تێكشكابوو، چەرچڵ دەربارەی دادگای بەریتانی و چۆنیەتی بەرێوەچوونی ئەركەكانی پرسیاری لێكردن، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: دادگا بەردەوامە لەسەر كاری خۆی كە كۆدەبێتەوە لە جێبەجێكردنی دادپەروەرییەكی بێگەردو بێلایەن كە هەمیشە پێی ناسراوە، چەرچڵیش پێی وتن (كەواتە بەریتانیا سەلامەتە).

**نیگەرانیی راستەقینە ناكۆكییەكانی نێوان هێزە سیاسیەكانی كورد خۆیەتی، كە لەسەر بابەتەكانی ناوخۆ رێك ناكەون، گرنگترینیان مەسەلەی قەیرانی سەرۆكایەتی هەرێمە، رێكنەكەوتن لەسەر ئەم مەسەلەیە رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر گەلی كورد، چونكە ئێستا هەمووان وەلائی خۆیان لەسەر بنەمای ئیعتباراتی حزبی داناوە.**

**هەموو هێزە سیاسیەكان داوای هەمواركردنەوەی دەستوور دەكەن، وەك ئەوەی تەنافێك بێت بۆ هەڵخستنی هەڵەكانی رژێمی حوكمڕانی هەر لە خزمخزمانێ و ناسیاریی تا هەڵلووشینی پارەو بەهەدەردانی سامان كە بە درێژایی ساڵانی رابردوو كەڵەكەبوون، وادەزانرێت بە هەمواركردنەوەی دەستوور ئیتر هەرچی چاكسازییە دەكرێن**



سەقەر ئەبو فەخر
توێژەر لە سەنتەری عەرەبی بۆ دیراساتی سیاسی لە بەیروت بۆ گوڵان:

# ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناخی پەرتەوازەبوون و لەبەریەک هەڵوەشاندایە و چارەسەریشی نییە

**سـەقەر ئەبو فەخر بەڕێوەبەری کاروباری نووسینە لە لقی بەیروتی سەنتەری عەرەبی بۆ دیراسات و توێژینەوەی سیاسی و تایبەتمەندە بە شێوەیەکی تایبەتی لە کاروباری سیاسەتی عەرەبی و فەلەستیندا. پێش ئەوەی پێوەندی بەم سەنتەرەوە بکات، ئەبو فەخر بەڕێوەبەری نووسینی پاشکۆی فەلەستین بووە کە رۆژنامەی سەفیری لوبنانی دەری کردووە، لە هەشـتاکانی سەدەی رابردووشدا ئەبو فەخر سـەرۆکی ئامۆژگای دیراساتی فەلەستینی سەر بە بزووتنەوەی رزگاری فەلەسـتین بووە.، بۆ قسـەکردن لەسـەر رەوشی ئێسـتای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانکارییانەی چاوەڕوان دەکرێت، ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ ئەبو فەخر ساز کرد و بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لـە نێـو جەرگەی ئـەو هەموو قەیران و کێشـە گەرمانـەدا خوێندنەوەتان بۆ ئاییـندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟**

- من پێموایە ئەم ناوچەیە لە ئێستادا لە هەموو لایەکەوە گڕی ئاگری لێ هەڵدەسـتێ و بەر لە هەموو شـتێك پێویسـتە بە دوای سـەرچاوەی ئاگرەکە بگەڕێین، تا تەشەنەی نەکردووە، بیکوژێنینەوە، بۆ ئەوەی مەترسیی زیاتری بەدوادا نەیەت، دواتر بەدوای چارەسەردا بچین. ئەمە رێك وەك ئەو کەسە وایە کە پێیەکانی لە تەڵەیەك دەئاڵێت و پێش هەموو شتێك دەبێ هەوڵبدات پێیەکانی لـە تەڵەکە دەربێنێت، ئینجا رێگایـەك بگرێتە بەر کە مەبەستیەتی، یانیش وەك یەکێکە خەریکە لەنێو دەریادا دەخنکێت، بە دوای شتێکدا دەگەڕێت تا نەخنکاوە خۆی پـێ رزگار بکات، ئەم ناوچەیە کە لە ئێسـتادا گڕی گرتووە، بەر لە ۳۰ ساڵ ناوچەیەك بوو بەرەو پەرەسەندن و گەشـانەوە هەنگاوی هەڵگرتبوو، بـەرەو بنیادنان و چەسپاندنی دیموکراسـی و ژیانێك کە مافی گەلانی تێدا دەستەبەر بێت، گەلانی ئەم ناوچەیە بۆ ئایندەیەکی گـەش خەباتیـان دەکرد، عـەرەب بـۆ رزگارکردنی فەلەسـتین لەیەك سـەنگەردا بوون، تەنانەت گەلانی دیکەش رووباری خوێنیان دەرِشـت لە پێناو ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی بەختەوەر، بەڵام لە ئێستادا هەروەك گوتم، ناوچەکە دووچاری گڕی کێشە و قەیرانـەکان بۆتەوە، بۆیە من پێموایە زۆر ئەسـتەمە هەر وا بە ئاسانی بیر لە چارەسەری ئەو هەموو کێشانە بکرێتەوە.

*** واتا دەکرێ بڵێین کە لە ئێسـتادا ئێمە لە سەرەتای هەرەسهێنانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداین؟**

- رەنگـە بکرێ کە بڵێین لە قۆناغی هەڵوەشـاندن و پارچەپارچەبووندایین، قۆناغی هەرەسـهێنان لە ساڵی ۲۰۰۳ بـەدواوە بوو، کاتێ لە زۆر ناوچەکانی عێراق و ئێران و وڵاتانی دیکەی عەرەبی ئەمە رووی دا، بەڵام لە ئێستادا لە قۆناغی پەرتەوازەبوون و هەڵوەشانەوەداین، بەڵام هیچ شـتێك لە ئاسۆدا نییە مایەی ئەوە بێت کە رەنگە چارەسـەرێك بۆ هەموو ئەو قەیران و شەڕانەی ناوخـۆ و ئیقلیمی هەبێت، بەهەرحـاڵ رەنگە هەندێ هێزی ئاشتیخواز هەبن کە هەوڵی ئەوە بدەن تا رادەیەك ئەگەر پێیان بکرێت لـە مەینەتییەکانی ئەم تەنگژە و تێکچڕژانە سـەختانە کەم بکەنەوە، بـەڵام بڕوا ناکەم ئـەو دەرفەتەیان بۆ بڕەخسـێت. ئێمە لە ئێسـتادا لە ناوچـەی عەرەبی بە چاوی خۆمـان دەبینین رۆژانە شـەڕ و کوشـتار و توندوتیژی دێتەئاراوە و تۆزقاڵێك هیوای ئاشـتی بەدی ناکرێت، بۆیە لە دەرەوە لەلایەن وڵاتانی بیانی و زلهێزەوە رێگەچارەمان بۆ دەستنیشـان دەکرێت، چونکە ئێمە کەوتووینەتە ژێردەستی ئەم هێز و دەوڵەتانەی دەرەوە.

*** خاڵێکی گرنگ کە بۆتـە بابەتی گەرمی رۆژانە ئەوەیـە کە لە ئێسـتادا دەبینین شـەپۆلێکی فراوانی کۆچبـەران لە هەموو توێژ و پێکهاتە نەتەوەییەکان روو لە وڵاتانی ئەورووپا دەکەن، لەوانە بەلجیکا و هەنگاریا و نەمسا و ئەڵمانیا و شوێنی دیکە، باشە بۆچی وڵاتانی ئیسـلامی و عەرەبی وەکو قەتەر و ئیمارات و سعودیە باوەش بۆ ئەو کۆچبەرانە ناکەنەوە؟**

- راستە، ئێمە چەند ساڵێك لە ژێردەستی ئەو دەوڵەتانەی ئەورووپادا بووین، بەڵام ئەوان ئێسـتا لـە عەرەبەکانی دەوروبەرمان بە بەزەییتـرن و دالدەی کۆچبەران دەدەن، ئەو دەوڵەتـە عەرەبییانە خۆیان هـۆکاری ئەو هەموو قەیران و کێشانەن، ئەوان خۆیان هاریکاری و پشتگیریی ئەو توندوتیژی و شـەڕانەی ناوچەکـە دەکەن، لەوانە سـعودیە، قەتەر و دەوڵەتانی دیکـەی ناوچەکە، ئەو عەرەبانە ترسـیان لەوەیە کە ئەو کۆچبەرانەی لە عێراق و سـووریا و شـوێنەکانی دیکەوە روویان تێدەکەن کە رۆشـنبیرن و زیاتر هەسـتیان بە مەینەتی و کارەسات کردووە، نەبادا رۆژێك لـە رۆژان کەلتووری گۆڕینی

**ئیسلامی سیاسی وەحشیگەر و درندە بەرهەم دێنێت کە تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسووتێنێت، دەیانەوێت تاریکی و نەزانین و دواکەوتوویی بچەسپێنن و رایەڵەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لەبارببەن**

**ململانێی ئەمریکا و رووسیا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە وڵاتانی عەرەبی بۆتە مایەی زیاتر کاولکردن و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە**

**ئەوروپییەکان لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە بەزەییترن بۆ داڵدەدان و حەواندنەوەی کۆچبەران تەنانەت لە هەندێ یاریگە و شوێندا نووسیویانە: کۆچبەران بەخێرهاتن**

**هیچ شتێك لە ئاسۆدا نییە مایەی ئەوە بێت کە رەنگە چارەسەرێك بۆ هەموو ئەو قەیران و شەڕانەی ناوخۆ و ئیقلیمی هەبێت**




رژێمەکانیان بڵاوبکەنەوە، ئەوروپییەکان بە بەزەییترن بۆ داڵدەدان و حەواندنەوەی کۆچبەران، تەنانەت لە هەندێ یاریگە و شوێندا نووسیویانە: «کۆچبەران بەخێرهاتن» بۆیە دەبینین کە ئوردن سنووری خۆی لەگەڵ سوریادا داخستووە، هاوکات میسریش کە پێوەندیی تەواوی هەبوو، ئەویش ڕێگە نادات کۆچبەران رووی تێ بکەن.

*** پێتان وا نییە ئەو ئاگرەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، هۆکارەکەی ئیسلامی سیاسی، یان دەستێوەردانی ئەمریکا و ئیسرائیل بێت؟**

- ئەم ئاگرکەوتنەوەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆکاری زۆری لە پشتەوەیە، نەك تەنیا یەك هۆکار، بگرە هەندێ هۆکاری ناوخۆییش هەیە، لەوانە کە پێوەندییان هەیە بە شێوازی رژێمی حوکم و داخوازیی گەلەکانیان بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و نەهێشتنی گەندەڵی، بۆیە ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی لە تونس و میسر و لیبیا سەریان هەڵدا و ئەوەی کە لە ئێستادا عێراقی گرتۆتەوە، هەموویان ناڕەزاییین دژی بوونی گەندەڵی و نادادپەروەری و دزین و بە هەدەربردنی سامانی ئەو وڵاتانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، هەروەها بوونی هەژاری و سەرکوتکردن لە وڵاتانەدا، ئەمانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلی ناڕەزایی و خۆپیشاندان کە لە راستیدا رەوایە، بەڵام لەمەشدا دەستێوەردانی دەرەکی هاتەناوەوە و بەلایەکی دیکەیاندا برد، لە ئێستادا ئیسلامی سیاسی تەنیا پەڕگیر و تیرۆریستان بەرهەم دێنێت، کاتێ دەبینین لە سووریا و لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق تیرۆریستانی داعش هەوڵی داگیرکردن و وێرانکردن و رووخان و کاولکردن دەدەن، خەڵکەکە دەکوژن بیناو شوێنەوارەکان تێکدەدەن و خاپووردەکەن، هەروەکو لە تەدموری سووریا بینیمان گەورەترین شوێنەواری مێژوویی رووخێنرا، پێش ئەویش لە نەینەوا و شوێنەکانی دیکە، ئیسلامی سیاسی وەحشیگەر و دڕندە بەرهەم دێنێت کە تەڕو وشك بەیەکەوە دەسووتێنێت، دەیانەوێت تاریکی و نەزانین و دواکەوتوویی بچەسپێنن و رایەڵەی کۆمەڵایەتی ومرۆیی لەبار ببەن. بۆیە ئیسلامی سیاسی و ئەو دەوڵەتانەی دەمامکی ئیسلامییان بەستووە، ئەوانە هەموویان بەرپرسن لەو شەپۆلانەی کۆچبەران، لەوانەش سعودیە و قەتەر و دەوڵەتانی دیکە.

*** ئایا بڕوات بەو قسەیە هەیە کە گوایە پیلانێکی گەورە لە ئارادایە بۆ دروستکردنی رۆژهەڵاتێکی تازە؟**

- بەڵێ، ئەم پیلانە لە ئارادایە بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەکانمان و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە دەیەوێت بەناوی پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەی فراوانکاری بکات و پەل بۆ دەوروبەری بهاوێژێت، ئەم هەوڵانەمان لە میانی چەندین بەڵگەنامەی ئیسرائیلی بەرچاو کەوتووە و خوێندۆتەوە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئەم پلانەی دارشتووە، بۆیە هەموو شەڕو گرژییەك لە ناوچەکە بە سوودی پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل و سنوورەکەی دەشکێتەوە، چەندین یاریزانی دیکەی وەك ئەمریکا و دەوڵەتان لەو هەوڵانەدا بەشدارن، هەروەها تورکیا کە ترسی لە ئازادیی گەلی کورد هەیە، ئێران و سعودیە ئەمانەش کاراکتەرن لەم سیناریۆیەدا، ململانێی ئەمریکا و رووسیا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە وڵاتانی عەرەبی بۆتە مایەی زیاتر کاولکردن و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە، ئەمە بێجگە لە رۆڵی



دەوڵەتانی کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی عەرەبی کە زیاتر رەوشەکەی بەم ئاکامە گەیاندووە.

*** ئایا تێوەگلانی ئەمریکا بە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە بۆ گۆڕینی رژێمە سیاسییەکان هۆکارێك نییە کە لە ئێستادا ئەمریکا دەستەپاچەیە و ناتوانێت هیچ رێگەچارەیەك بۆ ئەم قەیرانانە بدۆزێتەوە؟**

- من پێموایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەموو هۆش و ژیرییەکەوە هاتە نێو یارییەکەوە، ئەو پێشتر دەیزانی چۆن کۆنترۆڵی سیناریۆی پلانەکە دەکات، بۆیە ترسی لە ئەنجامەکانی نەبووە، باشە پرسیارێك لە ئارادایە ئەمریکا ئەگەر بۆ ئەو هاتووە یارمەتی گەلانی ناوچەکە بدات، بۆچی رێگە دەدات داعش بەم شێوەیە فراوان بێت و رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتر بێت و لە رێی وڵاتانی دیکەی وەك تورکیا و سعودیەوە ئاسانکاری گواستنەوەی چەکدارانی بۆ دەکرێ؟ ئەمریکا بۆچی کۆنگرەیەکی فراوان سازناکات بۆ پرسی شەڕی داعش لە ناوچەکە بە بەشداریی ئەو لایەنانەی کە لە شەڕەکەدا بەشدارن، هەروەك چۆن لە یۆگسلافیاو بۆ سووریا ئەنجامدرا؟ بۆیە دەڵێم کە ئەمریکا کاراکتەری سەرەکییە نەك تێوەگلاوە، هەروەك هەندێ کەس وای بۆدەچێت، ئەمریکا و یاریزانانی دیکە لە هاوپەیمانەکانی، بە تەواوی جێبەجێکاری ئەو پلانەن کە رەنگە درێژخایەن بێت و ئاسۆ و ئایندەی ناوچەکەش لێڵ و تەمومژاوییە.

# کرێکار و کارمەندانی بیانی تاچەند لە ژێر چاودێری دەزگاکانی ئاسایش و تەندروستی کوردستاندان؟

پارێزگای هەولێر لە چەند ساڵی رابردوودا بە مەبەستی کارکردن و مانـــەوە ژمارەیەکی زۆر لـــە کرێکاران و بیزنسکارانی بیانی روویان تێکردووە، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی دەوروبەرمان هەرێمێکی ســـەقامگیر بووە، بـــۆ رێکخســـتنی کاروبارەکانیان ئەو کەســـانە کە بە رێگەی یاســـایی و بە پاساپۆرت هاتوونەتە کوردســـتان وەزارەتـــی ناوخۆی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەوە مامەڵەکانیان رێکدەخات، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە چۆنیەتی رێکخستنی کاروبارەکانی ئەو کەسە بیانییانەی روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، گوڵان ســـەردانی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی کرد کە قەرەباڵغیەکـــی زۆری پێوە دیار بـــوو. عەمید یادگار ئەنوەر بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای هەولێر وتی: «بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر تایبەتە بەو کەسە بیانییانەی کە خاوەن رەگەزنامەی عێراقی نین و دێنە هەرێمی کوردستان، تەنانەت کاروبارەکانی کوردانی رۆژئاوا و باکوور و رۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە، تاوەکو بە شـــێوازێکی یاســـایی کار و مامەڵەکانیان رێکبخرێت، زیاتریش ئەو کەسانەی دێنە لای ئێمە دوو جۆرن، هەیە بە شـــێوەی پەناهەندە رووی لە هەرێمی



کوردستان کردووە، وەکو پەناهەندەکانی کوردانی ڕۆژئاوا کە بە فەرمانی سەرۆك بارزانی دەرگاکانمان واڵاکرد بۆ بەهاناچوونی کوردانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی کوردانی کۆبانێ، جۆری دووەمیش بەشـــێوەی یاسایی دێت کە زیاتر لە وڵاتانی دەوروبەر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەمەبەستی کارکردن وەکو کرێکارەکانی وڵاتی تورکیا، یاخود ئێران و ســـووریا و بنگلادیش و نیپاڵ و فلیپین و ئەســـیوپی و وڵاتانی تری بیانی، لەمەشدا چەندین کۆمپانیای ڕەسمی ئەم کارە دەکات، تەنانەت بوونی کۆمپانیاکانی وڵاتانی وەکو ئەمەریکا و کەنەدا و بەریتانیا کادیر و کەسانی شارەزا و بیانی دەهێنن کە کەسانی شارەزا و پسپۆڕن و ئەو کۆمپانیرانە پێویستیان پێیەتی. بەڕێوەبەرایەتییەکەمان مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو دیکۆمێنت و بەڵگەنامە ڕەســـمییانەیە کە عێراقی نییە و بیانییە. ساڵانی پێشوو خەڵکانێك بە شێوەیەکی بەربـــڵاو ڕوویان لـــە هەرێمی کوردســـتان دەکرد کە شـــوێنەواری خراپـــی لێدەکەوتەوە هـــەر لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخوشی، تاوەکو دەرۆزەکردن و ئەنجامدانی کاری نایاســـایی، هەر بۆیە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی هەستان بە ڕێکخستنی کاروبار

### عەمید یادگار ئەنوەر بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای هەولێر:

# پێویستە کۆمپانیا و هاووڵاتیان لە کاتی هێنانی کرێکار و کارمەندی بیانی پابەندی ڕێنماییەکانی ئیقامە بن

و ژیانی ئەو خەڵکانەی دێنە هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە ڕێگەی فیزەیەکی ئەلەکترۆنییەوە کە بەو مەرجەی هەرکەسێك بێت خاوەنی کەفالەت و جێگەی تایبەت بە خۆی و خاوەنی تەندروستییەکی باش بێت واتا هەڵگری میکرۆبی کوشندە نەبێت.

**● پشکنینی تەندروستی بۆ کارمەند و کرێکارە بیانییەکان**

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە بیانییانەی دێنە هەرێمی کوردستان بۆ هەر مەبەستێکی تەندروستی، یا کارکردن و بیزنس بێت، دەبێت سەرەتا ڕەزامەندی دەزگاکانی ئاسایشی هەبێت، لە ژێر کۆنترۆڵی دەزگاکانی ئیقامە کارەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت، دواتر پشکنینی تەندروستی بۆ بکرێت، لەم ڕووەوە بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای هەولێر وتی: «وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەڵساون بە پۆلێنکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئیش و کارەکانی ئەو خەڵکانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان و داوای مانەوە دەکەن کە جگە لە کەفالەت و دیاریکردنی جێگە و شوێنیان لێکۆڵینەوە لەو مەبەستەش دەکرێت کە لە پێناویدا هاتووە، تاوەکو لە ڕووی ئەمنی و کۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی ئیقامەدا بن و کەسێك نەبن کە تۆمەتی لەسەر بێت، هەروەها پشکنینی تەندروستیشیان لە تاقیگەی ناوەندی بۆ دەکرێت، تاوەکو بزانین ئەو کەسە لە ڕووی تەندروستییەوە کەسێکە ساخ و سەلامەتە و هەڵگری نەخۆشی گوازراوە نییە، لەمەشدا بۆ ئەو کرێکارە بیانییانەی کە لەمیوانخانە و چێشتخانەکاندا کاردەکەن، ڕێنمایی توند دەگرینەبەر، ئەو کات ئیقامەکەی پێ دەدەین. ڕۆژانە تووشی ئەو حاڵەتانە دەبین و خەڵکێکی زۆرمان ناردۆتەوە کە نەخۆشی ئایدز و جگەریان هەبووە. داواکاریشم هەر کۆمپانیا و کەسێك کە کەسێکی بیانی کاری لا دەکات، کەمتەرخەمی نەکات بەپێچەوانەوە هەر بیانییەك مامەڵە یاساییەکانی ڕەسمی نەبێت و کەموکورتی تێدا بێت، غەرامەی دەکەین یا دیپۆرتی دەکەینەوە، داواکاریشم کەس یارمەتی کەسانێك نەدات کە بە نایاسایی هاتوون، واتە لە ڕێگەی قاچاخ، ئێمە فەرمانگەکەمان بۆ ئەوە کراوە کە یارمەتی خەڵکی بکات و کارئاسانییان بۆ بکات، تەنانەت ئامادەییمان هەیە هەر کرێکارێکی بیانی گرفت و کێشەیان هەبێت، کارئاسانیان بۆ دەکەین، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕووبەڕووی دادگای دەکەینەوە.

**● پێوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر لەگەڵ پۆلیسی ئینتەرپۆلی نێودەوڵەتی**

یەکێك لەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە لە واڵاکردنی سنوورەکانی هەرێمە بە ڕووی گەشتیاران و بازرگان و خەڵکی بیانییەوە کە هەندێکجار ڕەنگە کەسی داواکراو، یاخود تۆمەتبار ڕووبکەنە هەرێمی کوردستان، یا بە سنوورەکانماندا تێپەڕ بن، بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای هەولێر پێیوا بوو زەحمەتە بتوانرێت لە دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکاندا ئەو جۆرە کەسانە تێپەڕ بن لەمبارەیەوە وتی: «پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان



پۆلیسی ئینتەرپۆلی نێودەوڵەتی و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی هەرێم هەیە، بە بەردەوامیش پۆلیسی ئینتەرپۆل ئاگادارمان دەکاتەوە لە ناوی ئەو کەسانەی داواکراون، یا تۆمەتبارن بە تۆمەتێکی دیاریکراو، هەر بۆیە زەحمەتە بتوانرێت لەدەروازە رەسمییەکانەوە ئەو جۆرە کەسانە تێپەڕ بن».

**● رێکخستنی کاروبارە یاساییەکانی کوردانی رۆژئاوا**

کاتێك بە بڕیاری سەرۆك بارزانی هەرێمی کوردستان دەروازە سنوورییەکانی واڵاکرد لە بەردەم ئاوارە و پەناهەندەکانی کوردانی رۆژئاوا، لە ئاکامدا لێشاوێکی زۆری کوردانی رۆژئاوا روویان لە هەرێمی کوردستان کردو ژمارەیەکی زۆریان لە کەمپدا نیشتەجێ کران، لەم رووەوە بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای هەولێر باسی لە چۆنیەتی رێکخستنی کاروبارەکانی ئەو هاونیشتمانییانە کردو وتی: «لە سنووری پارێزگای هەولێر چوار کەمپی سەرەکی هەیە، ئەویش کەمپەکانی —کەورگۆسك، دارەشەکران، باسرمە و قوشتەپە-یە. ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە هەموو ئەو کەمپانە بنکەیەکمان کردووەتەوە و هەر لە هەمان شوێن وەکو کارئاسانییەك و بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی کاروبارەکان کاری یاسایی بۆ هاونیشتمانیانی کوردانی رۆژئاوا ئەنجام دەدرێت، ئەو کەسانەی دەرامەتی ماددییان باشە و لەناو شار و شارۆچکەکان نیشتەجێن، دوای ئەوەی بنکەی ئاسایشی گەڕەکەکە ئاسانکارییان بۆ دەکات، ئێمە لەو بنکە تایبەتەی کە بۆ ئەو کوردانەی رۆژئاوامان کردوونەتەوە لەوێ کاروباری یاساییان بۆ دەکرێت و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و یوئێن ئێکس ئار).

**● قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر هاتنی کرێکارە بیانییەکان هەبووە**

لە دوای قەیرانی دارایی و ئابووری کە کاریگەری توندی لەسەر بازاڕ و ئابووری هەرێمی کوردستان هەبووە، ژمارەی ئەو کەسانەی داوای ئیقامەیان کردووە رووی لە کەمبوونەوە کردووە. لەم رووەوە بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای هەولێر وتی: «قەیرانی دارایی و بێبازاڕی کاریگەری توندی لەسەر کەمبوونەوەی ئەو کەسانە هەبوو کە داوای ئیقامە دەکەن، چونکە ژمارەی ئەو کۆمپانییانەی داوای کرێکاری بیانی دەکەن، ئێستا کەمی کردووە بەڵام لەم هەفتەیەی دواییدا تا رادەیەك کەمێك زیادی کردەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە لای هەمووان ئاشکرایە. سەقامگیری سیاسی و ئابووری و باشبوونی بارودۆخی داهاتی تاکەکەسی لەچەند ساڵی رابردوو وایکرد، ژمارەی ئەو کەسانەی داوای ئیقامەیان کردبوو زیاد بێت، بەڵام دوای گەمارۆی ئابووری بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان و کەمبوونەوەی سیولەی نەختینەیی کاری کۆمپانیاکانیش کەمی کرد، زۆربەی ئەو کرێکارە بیانییانەی کە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، پێوەندی بە کاری ئەو کۆمپانییانەوە هەیە کاتێك روو لە کزی بکات، ژمارەی کرێکارانیش کەم دەکات، تەنانەت ژمارەی خزمەتکارەکانی ناوماڵیش کەم دەکات، چونکە باروگوزەرانی خەڵك روو لە باشی نییە.